# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە خستنەڕوی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان (تاوانی کوشتن بەنمونە- توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**هێمن ئەمین جەلال شوانی**[1]

[1]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان–هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

لە بنەڕەتدا کوشتن دو جۆری هەیە، کوشتنی بەئەنقەست و کوشتنی بەڕێکەوت (قەزاوقەدەر)، ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ کوشتنی بەئەنقەست، وەک (کوشتن لەسەر پارە، کوشتن بەهۆی پاساوی شەرەف، کوشتن بە ئەشکەنجە، کوشتن دەرئەنجامی دەستدرێژی سێکسی، کوشتنی منداڵان، کوشتن بەهۆی توندوتیژی و لێدان)، بەڵام وەک لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتوە لە هەرێمی کوردستان جیاوازە لە کۆمەڵگەکانی دیکە، چەندین جۆری دیکەی کوشتن هەیە، وەک (کوشتن لەسەر فوللایتی ئۆتۆمبێل، کوشتن لەسەر کۆتر، کوشتن لەسەر شەڕە منداڵ، کوشتن لەسەر جۆگەی ئاوی ماڵان، کوشتن لەسەر ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل، کوشتن لەسەر شەڕە سەگ، کوشتن لەسەر شەڕە کەڵەشێر، کوشتن بەهۆی ڕەگەزگۆڕین، کوشتن لەسەر سرکێتی کارەبا، کوشتن لەسەر چوکلێت، کوشتن لەسەر زەویی و زار، کوشتن لەسەر ئاین گۆڕین، کوشتن لەسەر سەرچۆپی).

بەپێی داتا و ئامارەکانی وێبسایتی بەناوبانگی جیهانی (Our World in Data)، تەنها لە ساڵی (2019) لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان زیاتر لە (415,000) هەزار کەس بەکوشتنی بەئەنقەست گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش نزیکەی سێ هێندەی ئەو ژمارەیە بوە کە لە شەڕی چەکداری و جەنگ و تیرۆر و ململانێکان لەسەر ئاستی وڵاتان کوژراون، لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ژمارەی کوشتنی بەئەنقەست لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردودا کەمیکردوە، بەڵام بەراورد بە زۆربەی وڵاتانی جیهان، هێشتا ڕێژەکە مەترسیدارە. لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوە پابەندنەبونی میدیا بەڕێنمایی و یاسا کارپێکراوەکان و، نەبونی چاودێری لەسەر ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی لە خستنەڕوی هەواڵەکانی تاوانی کوشتن و، بەرنامە تاوانییەکان و نمایشکردنی فیلمەکان و لاوازی چاودێری خێزان لەسەر بەکارهێنانی یارییە ئەلکیترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات لەگەڵ نەبونی ڕۆژنامەنوسی پرۆفێشناڵ و کادیری بەتوانا، گرفتی کۆمەڵایەتی کوشتنی لە کوردستان زۆرتر دەردەکەوێ و، کاریگەری لەسەر باری دەرونی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاک و خێزان لە کۆمەڵگەدا دروستکردوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕاگەیاندن، گرفتی کۆمەڵایەتی، تاوان، کوشتن.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27**

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27
**Received:** 26-July-2022
**Accepted:** 22-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

**پێشەکی:** پەیوەندی میدیا و کێشەکانی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بەهێزە، چارەسەرکردنی زۆربەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە هاوبەشی میدیا هەیە، لە هەمان کاتدا میدیاکانیش دەخوازن وێنەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بکێشن، هەربۆیە میدیا بەهێزێکی گرنگە لە چۆنیەتی بنیاتنان و کاردانەوەی تاک بۆ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێ بەتایبەت تاوانی کوشتن، چونکە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ سەرسامە بە تاوان و کوشتن لە فیلم، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، پەخشی تەلەفزیۆنی، سوشیال میدیا تا گفتوگۆی ڕۆژانە، مرۆڤ بەردەوام سەرقاڵی "قسەکردن"ە لەسەر تاوان بەگشتی و تاوانی کوشتن بەتایبەت. میدیای بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بابەتەکانی پەیوەست تاوانی کوشتن و... سیستمی دادوەری تاوانکاری، تێڕوانینی خەڵک بۆ قوربانییەکان، تاوانباران، لادەرەکان و بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا.

بەڵام چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕاگەیاندن لە گرفتێک بۆ گرفتێکی دیکە دەبێ جیاوازبێ، ئەگەرهاتو میدیا بەیەک شێوە مامەڵەی لەگەڵ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کرد، لەبری چارەکردن، دەبێتە ئامرازێک بۆ تەشەنەی زیاتر گرفتەکە، لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ خستنەڕوی لایەنە نەرێنیەکان، هاوکات بەخستنەڕوی ئەزمونی وڵاتان ڕێگە زانستییەکانی میدیا و میدیاکاران دەستنیشانکراوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و خستنەڕوی لەگەڵ گرفتی کوشتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

## ١. میتۆدۆلۆیای توێژینەوەکە

### ١،١ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

کوشتن وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو کێشانەی کە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی بەرۆکی مرۆڤی بەرنەداوە، بەڵام ڕادە و جۆری کوشتن لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە، تەنانەت لە قۆناخێک بۆ قۆناخێکی دیکە وەک یەک نییە و ڕێژە و ئاستەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، لە هەرێمی کوردستانیش ڕۆژانە لە ڕێگەی میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بینەر و بیسەر و خوێنەری چەندین تاوانی کوشتن دەبین، هەربۆیە **گرفتی ئەم توێژینەوەیە** گەڕانە بەدوای

دۆزینەوەی وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی: **ئایا مامەڵەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر زیادبونی گرفتی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت تاوانی کوشتن دروستکردوە؟ پرنسیپە و شێوازە یاسایی و ڕۆژنامەوانییەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ گرفتی کوشتن لە بنەڕەتدا چۆنە؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دیمەنی کوشتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی چۆنە دەبێ؟**

تاوانی کوشتن نەک شوێنەوار و کاریگەری خراپ لەسەر خودی تاکی کوژراو و کەسوکاری کوژراو دروست دەکات، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر زۆربەی بوارە جیاکانی کۆمەڵگەش دەبێ، چونکە هەر کاتێک تاوانی کوشتن لە هەر کۆمەڵگەیەک زۆر بێ، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ڕوبەڕوی جۆرەها گرفتی کۆمەڵایەتی دیکە دەبنەوە، بۆیە پێموایە ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕویەکەوە **گرنگی و بایەخی خۆی هەیە**، چونکە بە دوای پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی زیادبونی کێشەی تاوانی کوشتن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێ، بەتایبەت لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە پەیوەستن بە کوشتن و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوکراوەنەتەوە، جگە لەوەش ئەم تویژینەوە گرنگیەکەی لەوەدایە، کە **لەڕوی تیۆریەوە** زیادکردن و دەوڵەمەندکردنی لایەنی زانیاری و مەعریفەیە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەیەکی دروستی میدیای لەگەڵ هەواڵ و بابەتەکانی پەیوەست بەگرفتی کوشتن، **لەڕوی پراکتیکیەوە** ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەویە دەبێتە ڕێگە نیشاندەر و بەرچاوڕونییەک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت میدیاکاران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە ئەمنییەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و ڕوداوەکانی کوشتن.

ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی دیکە کار بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی زانستی دەکات، کە بریتین لە: **ئاشـــنابون بەپەیوەندی مامەڵەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ هەواڵ و ڕوداوەکانی گرفتی کوشـــتن. ئاشـکراکردنی شـێوازی مامەڵەیەکی ڕۆژنامەوانی سـەردەمیانە بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەست بەتاوانەکانی کوشـتن. دەسـتنیشـانکردنی کاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕوداوەکانی کوشـتن بەشـێوەیەکی نازانسـتی و کاریگەری لەسـەر ئاسـایشـی تاک، خێزان، کۆمەڵگە. زانینی کاریگەری یارییە ئەلیکترۆنییەکان و فیلم و دراما و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامەکانی تاوان لەسەر زیادبونی ڕێژەی کوشتن لە کۆمەڵگە.**

سـەبارەت بە**کۆمەڵگەی توێژینەوە** لەم توێژینەوەیەدا، وەک لەناونیشـانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە پێکدێ لە سـەرجەم ئەو کەناڵ و دامەزراوانەی ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ) کە لە سنوری هەرێمی کوردسـتان کاردەکەن، کە بەپێی داتا و ئامارەکانی سـەندیکای ڕۆژنامەنوسـانی کوردسـتان، وەک لە خشتەی (1) خراوەتەڕو تا ڕێکەوتی (20/6/2022) ژمارەیان گەیشتۆتە (1343) کەناڵی تۆمارکراو لە سـەندیکا، ئەوە جگە لە چەندین کەناڵ بەتایبەت تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و ماڵپەڕی ئەلکیترۆنی کە تۆمار نەکراون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

خشتەی (1) کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات.

| ژ | جۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| .١ | ڕۆژنامە | 260 | %19,35 |
| .٢ | گۆڤار | 702 | % 52,27 |
| .٣ | وێبسایت | 70 | % 5,21 |
| .٤ | کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی | 30 | % 2,23 |
| .٥ | کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی | 127 | % 9,45 |
| .٦ | ئێزگەی ڕادیۆ | 154 | % 11,47 |
| | **کۆی گشتی** | **1343** | **% 100** |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی داتا و ئامار، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان

ئەوەی پەیوەستە بە **نمونەی توێژینەوە**، لەم توێژینەوەیەدا بەسود وەرگرتن لە نمونەی (مەبەستدار) چەند کەناڵ و دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە و، نمونەی هەواڵ و بەرنامەکانیان وەرگیراوە بۆ توێژینەوەکە، کە ژمارەیان دەگاتە (19) کەناڵ و دامەزراوەی ڕاگەیاندن.

توێژینەوەکە پشتی بە **میتۆدی** داتای دەستی دو (Secondary data analysis) بەستوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و ژمارەی کوشتن و، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها میتۆدی وەسفی شیکاری ( Descriptive analytical method) بۆ وەسف و شیکردنەوەی لایەنەکانی توێژینەوەکە بەکارهێناوە، چونکە دو گونجاوترین میتۆدن بۆ تێگەیشتن لە لایەنە تیۆریەکانی توێژینەوەکە و، پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و تاوانی کوشتن بەتایبەت.

### ١,٢ چەمکەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەندێ چەمکی سەرەکی هەیە، کە پەیوەستن بە ناونیشانی توێژینەوەکە و زۆر دوپاتەبونەتەوە، ئینجا بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری چەمکەکان پێناسەی جۆراوجۆریان هەیە، لێرەدا چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕو، دواتریش پێناسەی کارڕایی توێژینەوەکەمان بۆ هەریەکەیان کردوە، کە ئەمانەن:-

١. **ڕاگەیاندن** (Media): ئەم چەمکە کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بۆ نمونە ڕاگەیاندن وەک ئاماژەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ تەواوی بەرهەمەکانی "هەواڵ و کات بەسەربردن" تا تاکەکان ئاشنای زانیاری و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

ژینگەی دەوروبەریان بن، ئەوەش یارمەتی تاکەکان دەدات تا ئەو ڕێگایانە لە قاڵب بدەن کە بیری لێدەکەنەوە و، وەڵامی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیشـــیان دەداتەوە (Parrillo, 2008: 560) لە پێناســـەیەکی دیکەدا هاتوە " ڕاگەیاندن هونەرێکە لە هونەرەکانی گەیاندن، کاریگەرە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و بەڵگەنامە و ڕاسـتییەکان بە شـێوەیەکی دینامیکی، یارمەتی هۆشـیارکردنەوە و ڕازیکردنی جەماوەر دەدات (حمدي، 2013: 21)، لە ڕوانگەی هەندێ توێژەری دیکە ڕاگەیاندن "بریتیە لە کۆمەڵێک ئامرازی گەیاندن و گواســـتنەوەی زانیاری و هزر و بیروبۆچون و هەواڵ و وێنە و ئاماژە، بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکەن (ســالم و علی و ســالم ،2014 :113). **لەم توێژینەوەیەدا** مەبەســت لە ڕاگەیاندن: هونەرێکە لە هونەرەکانی گەیاندن کە تێدا زانیارییەکان لەبارەی کوشـتن لەســەرچاوە جیاجیاکان وەردەگرێت و بەهۆی هەندێ ئامرازی دیاریکراو، بەڕچاوکردنی پرنســیپ و یاســا کارپێکراوەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەیگوازێتەوە بەمەبەســتی خۆپاراستن لە مەترسیەکان بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆشنبیرکردنی خەڵک و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە.

٢. **گرفتی کۆمەڵایەتی** (Social Problem): دکتۆر معن خەلیـل عومەر پێیوایە گرفتی کۆمەڵایەتی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەیە کە ڕەنگدانەوەی پێشێلکردنی بەهاکانی تاکە، بە واتایەکی تر هەستکردن یان درککردنی تاکەکانە بەپێشێلکردنی یەکێک لە بەهاکانیان لەلایەن هەندێک تاک، بۆیە گرفتێکی کۆمەڵایەتیی دروستکردوە کە پێویستە چارەســـەر بکرێت (خلیل، 2005: 84)، لەلایەکی دیکەوە لە توێژینەوەیەکی زانســـتیدا گرفتی کۆمەڵایەتی بەم شــێوەیە پێناســـەکراوە، کە بریتییە لە لادانی هەڵســوکەوتی تاکەکان لەو پێوەرە خوازراوانەی کە کۆمەڵگە بۆ ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان قبوڵیانکردوە (غربي، 2020: 19). هەروەها. **لەم توێژینەوەیەدا** مەبەســـت لە گرفتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە پشتگوێخستنی بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەک لێبوردەیی و ئاشتی و گفتوگۆ و ڕێزگرتن و، پەنابردنەبەر کوشـتن و توندوتیژی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لە کۆمەڵگەدا بەســودوەرگرتن لە پەیامە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن.

٣. **تاوان** (Crime): لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە، تاوان ڕەفتارێکە پێچەوانەی خواســـت و ویســـتی کۆمەڵگە، زانایانی کۆمەڵناســـی پێیانوایە تاوان بریتییە لە ســـەرجەم ئەو ڕەفتار و کردەوانەی کە لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە ڕەتکراونەتەوە (عبدالســتار، ١٩٨٥: ١٤). لە ڕوی دەرونییەوە "تاوان ڕەفتارێکی بە ئەنقەســت و ناڕەوایە و لە ناخی مرۆڤەوە ســەرچاوە دەگرێ و هۆکارەکەشــی بریتییە لە چەپاندن یا پشـێویەکی ناخەکی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکان کە پاڵ بە تاکەکەسەوە دەنێ بۆ ڕەفتارێکی تاوانکارانە" (عبدالله، ٢٠١١: ١٣٤) "دۆرکهایم دەیوت، تاوان بونی نییە مەگەر لەو شـــوێنەدا ســـزای کاری خراپ لە ئارادابێ، هەورەها خراپەکاری پەیوەندی بە گەشـەکردنی ڕەوشـتی گشـتییەوە هەیە (بۆدۆن و بۆریکۆ، ٢٠١٩: ٢١٣). **لەم توێژینەوەیەدا** مەبەست لە تاوان بریتییە لە نواندنی هەر ڕەفتارێک لە ژێر کاریگەری پەیامەکانی ڕاگەیاندن کە پێچەوانەی بنەما یاســـا بەرکارەکان و نۆرم و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگە بێ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

٤. **کوشــتن** (Murder): کوشــتن وەک چەمکێک لە چەندین ڕوانگەی زانســتیەوە پێناســەی بۆ کراوە، لە بواری کۆمەڵناسیدا چەمکی کوشتن: بریتییە لە لەناوبردنی ژیانی کەسێک لەلایەن کەسێکی ترەوە (عزيز، 2015: 27). لە ڕوانگەی کۆمەڵناســی تاوانەوە "کوشــتن تاوان و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆن و مەترســیدارە، بەردەوامە، یاوەری مرۆڤایەتی کردەوە و دەکات، بەڵام ئامراز و جۆر و شــێوازەکانی گۆڕاون (الشــيشــنية، 2018: 324). هەرچی ڕوانگەی یاســاییە پێیوایە کوشــتن کاتێک ڕودەدات کە کەســێک بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ یان ناڕاســتەوخۆ، بە هەر ڕێگەیەک بێت، ببێتە هۆی مردنی مرۆڤێک (عیســاوي و، عمارة، 2021: 362). **لەم توێژینەوەیەدا** مەبەســت لە (کوشــتن) تاوان و گرفتێکی کۆمەڵایەتییە، کە تاکێک (تاوانبار) لەژێر پاڵنەری پەیامەکانی میدیا هێرش دەباتە ســەر تاکێک یان چەند کەســێک (قوربانییەکە) بە مەبەســت، لە ئەنجامدا ژیانی کەسێک یان چەند کەسێک لەناو دەبات.

### ١,٣ ئەدەبیاتی پێشو:

بابەتی ڕاگەیاندن و تاوان بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەت لەو کاتەی کە کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن وەک لقێکی نوێی زانستی لە نێوان کۆمەڵناسی وەک زانستێک و ڕاگەیاندنیش وەک زانستێکی دیکە دەرکەوت، کە بەهۆیەوە توێژینەوە لە دەیان دیاردە و نەخۆشی و گرفتی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگە جیاکان دەستی پێکرد، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین توێژینەوەی زانستیی کورت و درێژ سەبارەت بە دیاردە و گرفتە جیاوازەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەنجامدران لەوانەش تاوانەکانی کوشتن. لێرەدا لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی پێشودا، ئاماژە بە هەندێ لەو توێژینەوە نوێیانە دەدەین، کە پەیوەستن بە کوشتن لە چوارچێوەی زانستی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی.

### ڕاگەیاندن و تاوان:

هەرزانی لە توێژینەوەکەیدا، تەئکید لەوە دەکاتەوە، کە زۆربەی ئەوانەی تاوان و کوشتن ئەنجام دەدەن سودیان لە فیلمی پۆلیسی توندوتیژییەکان و کوشتن وەرگرتوە بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکانیان، بەتایبەت ئەوانەی کە گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونیان هەیە، لە زۆر دوبارە پیشاندانەوەی فیلمەکان هەوڵیانداوە لاسایی ڕەفتاری پاڵەوانەکان لە کۆمەڵگەکەیان بکەنەوە و تاوانی کوشتن و توندوتیژی ئەنجام بدەن، ئەم کاریگەریەش لە نێو شار زیاتر باوە وەک لەلادێ، لەهەمان کاتدا لە ناو توێژی هەرزەکاران و منداڵان لە تەمەنەکانی دیکە زیاتر بەربڵاوە، چونکە زۆربەی زۆری فیلمەکان هەستی وروژاندن و سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانجەکانی تێدایە. هەر لە توێژینەوەکەیدا (هەرزانی) تەلەفزیۆن بەپلەی یەکەم، پاشان ڤیدیۆ، ئینجا گۆڤار، وێنە، سینەما، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و کتێب بەدوای یەک بەهۆکاری زیادبونی تاوان لە کۆمەڵگە داناوە، لە کۆتایدا پێیوایە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی مەترسیداریان لە زیادبونی ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگەدا هەیە (هرزاني، 2005).

### ژنکوشتن لە هەواڵی تاوانەکان:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

لە توێژینەوەکەی (تایلۆر)یشدا، کە شیکاری بۆ هەواڵی تاوانەکانی کوشتن کردوە، کە لە ساڵانی (1995) تا (2008) لە ویلایەتی فلۆریدا بڵاوکراونەتەوە، شیکارییەکە تاوانبارکردنی قوربانیانی کوشتنی مێینە لە هەواڵی ڕۆژنامەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاشکرا کردوە. بۆ نمونە زمانی نەرێنی لە وەسفکردنی قوربانییەکە بەکارهاتوە، تیشک خراوەتە سەر ڕەفتار و کارەکانی قوربانییەکان لە ڕابردودا، هەروەها کردارەکانیان لەگەڵ پیاوانی دیکە، کە لە کوشتنەکانیان بەشداربون، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ڕۆژنامەکان بەکارهێنانی زمانی هاوسۆزیان بۆ وەسفکردنی تاوانباران بەکارهێناوە؛ زۆر جەخت لەسەر کێشەی جەستەیی و دەرونی و سۆزداری و دارایی کەسی تاوانبار کراوەتەوە، لەگەڵ تیشکخستنە سەر کێشە دەرونی یان جەستەییەکانی قوربانییەکە (تایلۆر،2009).

**هەواڵی تاوانەکان لە ڕۆژنامە:**

هەروەها (بوثلجة) دەڵێ ڕومالکردنی بەرفراوانی هەواڵەکان دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک سەبارەت بەتاوانەکان، ئەوەش دەکەوێتە سەر چۆنیەتی ڕومالکردن، ڕاگەیاندنکار دەبێ خۆی بەدوربگرێ لە خستنەڕوی هەواڵەکان بەشێوەی وروژاندن یان زیادەڕەویکردنی لە پیشاندان، یان پشتگیرکردن خەڵک لە تاوانباران، ئەم جۆرە ڕومالکردنە دەبێتە هاوکارێک بۆ بڵاوکردنەوە و هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان، بۆیە بەتەنها مەترسی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی نییە، بەڵکو مەترسیەکە لە چۆنیەتی ڕومالکردن و ئەو شێوازەیە کە ڕۆژنامەنوس دەیگرێتەبەر، کە بەگشتی دەبێت ڕێز لە ئیتیکی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان و کوشتن بگرێت تا سەقامگیری و هاوسەنگی کۆمەڵگە تێکنەچێ. ئازادی ڕۆژنامەگەری دەوەستێتە سەر پاراستنی مافی تاک، ناوزڕاندن، تاوانبارکردن، پێشێلکردنی ژیانی تایبەتی تاکەکان، ڕەچاوکردنی ناو و ناوبانگی خزم و کەسوکاری تاوانبار (بوثلجة، 2014).

**یاریی پەبجی و شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی:**

حەمەنەجم لە توێژینەوەیەکدا، کە لە هەرێمی کوردستان لەبارەی یارییەکانی ئەلکیترۆنی بەتایبەت (پەبجی) ئەنجامیداوە، پێی وایە بەکارهێنانی چەک لەم یارییەدا وا لە مێشکی تاکەکان دەکات بۆ گەیشتن بەمەرام و ئامانجەکانیان؛ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بیر لە بەکارهێنانی چەک بکەنەوە، قبوڵنەکردن و لەناوبردنی بەرامبەر، خوێنڕشتن و کوشتار لای تاک دەکاتە ڕەفتارێکی پەسند، هەربۆیە تاک ئامادەییە بۆ گەیشتن بەخۆزگەکانی توندوتیژی و شەڕانگێزی بکات، لەهەمانکاتدا وا لە مرۆڤ دەکات چێژ لە کوشتن ببینێت و، لە کوشتندا سەرکەوتن و هێز و توانای خۆی ببینێتەوە، هەروەها لەو یارییانەدا جگە لە کوشتن و هێرشبردن هیچ ڕێگەیەک دەرناخرێت بۆ بەرگری لەخۆکردن؛ ئازاردانی بەرامبەر کارێکی سروشتیە لە یاری پەبجیدا (حەمەنەجم، 2019).

**دیمەنەکانی توندوتیژی و کوشتن لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن:**

طالة پێی وایە تاوان و کوشتن و توندوتیژی و ڕەفتاری شەڕانگێزانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن و زیادبوندان و ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندنەکان گرنگی زیاتر بەو بابەتە دەدەن بەتایبەت لە دراما و فیلم و ڕیکلام و ڕومالکردنی هەواڵەکانی تاوان بەگشتی و کوشتن بەتایبەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرە زانستییەکان، ڕاگەیاندنەکان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

هەواڵەکانی بەبازاڕکردن، بازرگانی، فرۆشتن و قازانج، وروژاندن، دیاردە و گرفتی نامۆ، هەواڵی سێکس، تاوان، لادان و توندوتیژی و کوشتن دەقۆزنەوە بۆ زیادکردنی بینەر و خوێنەرەکانیان، بەبێ گوێدانە کاریگەرییە نەرێنییەکان و زیانەکانی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە، هەربۆیە پیشاندانی دیمەنەکانی توندوتیژی لە ڕاگەیاندنەکاندا بوەتە بەشێکی گەورەی هەواڵەکان و، دامەزراوە میدیاییەکان کێبڕکێی لەسەر دەکەن، ئەوەش بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی دڵەڕاوکێ و دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی و، تەشەنەسەندنی ڕەفتاری نەشیاو لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چۆنیەتی دەوڵەمەندبون و خۆشگوزەرانی و ناوبانگ پەیداکردن بەڕێگەی کوشتن و دزی و ئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆر (طلة، 2020).

**ڕوماڵکردنی تاوان لە ڕۆژنامەکان و بۆچونی وەرگر:**

لە توێژینەوەکەی (أسماعيل) دەرکەوتوە (48%) نمونەی توێژینەوەکەی بۆ ئاگاداربون لە مەترسیەکانی تاوان خوێنەری ڕومالّی هەواڵەکانی تاوانن لە ڕۆژنامەکان، هەربۆیە (19%) بەدوای خوێندنەوەی شێوازی ئەنجامدانی تاوان لە ڕۆژنامەکان دەگەڕین تا بتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن، لەلایەکی دیکەوە (44%) پێیانوایە ڕۆژنامەکان بەپلەی یەک ڕومالّی تاوانەکانی کوشتن دەکەن، پاشان دەستدرێژکردنی سێکسی و دزیکردنی دێ، هاوکات (49 %) پێیان باشە لە ڕومالّکردنی هەواڵەکانی تاوان زیاتر جەخت لەسەر هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ئەو سزایانە بکرێ، کەبەسەر تاوانباردا دەسەپێندرێ و جێبەجێ دەکرێ (إسماعيل، 2021).

**دۆسیەی کوشتنی ژنان لەلایەن هاوسەرەکانیان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن:**

لەلایەکی دیکەوە، (محيوز و دهماني) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا وای دەبینن، ڕاگەیاندنەکان وەها وێنای کوشتن دەکەن کە چیتر تەنها باند و مافیاکان ئەنجامی نادەن، بەڵکو هاوبەشی ژیانی تاکەکانیش ئەنجامی دەدەن، ڕاگەیاندنەکان، لە ڕێگەی پیشاندانی ئەم تاوانە قێزەونانەوە وێنەکی دەرونیان لەلای هزری تاکەکاندا چەسپاندە ئەگەر ژن هەڵەیەکی سادەش بکات، ژیانی خۆی بەرەو کوشتن دەبات بەتایبەت ئەو هاوسەرانەی گەنجن و تازە ژیانی هاوژینیان پێکهێناوە، گرنگترین هۆکارەکانی کوشتن-یش سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ شەڕ و دەمەقاڵێی توندی نێوان هاوسەرەکان، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ نەبونی گفتوگۆی بنیاتنەر لە نێوان هاوسەران، بڵاوکردنەوە و پیشاندانی ئەم جۆرە هەواڵانە وێنایەک لەلای تاک دروست دەکات، لە کاتی دروستبونی هەر دەمەقاڵێیەک پەنا ببنە بەر کوشتن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان (محيوز و دهماني، 2022).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

## ٢. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢,١ تیورەکانی پەیوەست بەتاوانی کوشتن

- **تیۆری فێربون بە لاساییکردنەوە:**

ئەم تیۆرە پێیوایە تاک لە ئەنجامی لاساییکردنەوە، هەڵسوکەوتی شەڕانگێزانە بەدەستیدەهێنێت و فێری دەبێت، بۆ نمونە تەماشاکردنی فیلمە تاوانکارییەکان بۆ ماوەی چەند خولەکێک کاریگەری لەسەر ڕەفتارە شەڕانگێزەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک دەبێت.

مێژوی تیۆری فێربون بەلاساییکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردو، کاتێک لە ساڵی (1962) ئەلبێرت باندورا(Albert Bandura) دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەمریکی توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی فێربونی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی لاساییکردنەوە (Social Learning Through Imitation) پێشکەشکرد و پاشان لەگەڵ یەکێک لە خوێندکارەکانی بەناوی ڕیچارد واڵتەرز (R. Walters) کتێبێکیان بەناوی فێربونی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کەسایەتی (Social Learning and Personality) لە ساڵی (1963) بڵاوکردەوە(عامود، 2001: 346 ). ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە ئەم تیۆرەی لەسەر بونیادنراوە، بریتین لە لاساییکردنەوە و کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتیی، کە تاک کارلێکیان لەگەڵدا دەکات و ڕەفتاری جیاواز بەدەستدەهێنێت، بۆچونەکانی باندورا لە تیۆری فێربون بەلاساییکردنەوەدا هاتوە "زۆربەی ڕەفتارە شەڕانگێزەکان زیاتر ڕەفتارێکی فێربونن، کە لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاساییکردنەوە بەدەستی دەهێنن، بەشێوەیەک منداڵان فێری ڕەفتاری شەڕانگێزانە دەبن بەتێبینیکردنی نمونەی ئەو ڕەفتارە شەڕانگێزیانەی، کە لەلایەن ئەندامانی خێزان، هاوڕێیان و گەورەکان و ژینگەی دەوروبەری ڕودەدەن، هاوکات چەند سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ هەیە کە منداڵ لە ڕێگەیەوە فێری ڕەفتاری شەڕانگێزانە دەبێ وەک ئەوەی کە لە تەلەفزیۆنەکاندا پێشکەش دەکرێن" (سهام، 2017: 261). لە پرۆسەی تیۆری فێربون بەلاساییکردنەوەدا ئاماژە بە چوار قۆناغ دەکرێت، کە بریتین لە قۆناغی سەرنجدان (Attention)، قۆناغی هەڵگرتن (Retention)، قۆناغی بزوێنەری دوبارە بەرهەمهێنانەوە (Motor reproduction) و، لەگەڵ قۆناغی بەهێزکردن (Reinforcement).

باندۆرا بۆ پەرەپێدانی تیۆرییەکەی کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، لەوانە پیشاندانی کورتە فیلمێک بە منداڵان، کە تێیدا کەسێکی پێگەیشتو لە بوکەڵەیەکی پلاستیکی دەدات و هاواری بەسەردا دەکات، دەرئەنجامەکەی لەلای منداڵەکان سێ ڕەفتاری جیاوازی لێدروست بو، یەکەمیان ئەو منداڵانەی بینیان دەستدرێژیکارەکە سزا دەدرێت، کەمترین ئەگەری لاسایکردنەوەی لێدانی بوکەڵەیان هەبوە، دوەم ئەو منداڵانەی کە تەماشای هێرشبەرەکەیان دەکرد بەبێ بینینی سزادانەکەی، مەیلیان هەبوە کە ئەوانیش لە بوکەڵەکە بدەن و لاسایی بکەنەوە، بەڵام گروپی سێیەمیان ئەو منداڵانە بون کە بۆیان دەرکەوت ئەو کەسە توندوتیژییەکەی ئەنجامدا بەبەهێزی پیشان درا، ئەگەری کوشتنی بوکەڵەکە لەلای ئەوان زۆر زیاتر بو(العیسی، 2020: 5).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

ئەم ئەزمونە ئەو ڕاستییە دوپات دەكاتەوە، كە يارييە ڤيديۆييەكان، تەلەفزيۆن، كۆميديا، ئينتەرنێت و ... هتد دەرفەتی بەرفراوان بۆ گەنجان بەتايبەت و هاووڵاتی بەگشتی دەڕەخسێنن بۆ فێربون بە چاولێكردن، بەتايبەت ئەوانەی پشتگيری دەكرێن، سزا نادرێن، يان بەشێوەيەكی تر لەسەر كار و ڕەفتارەكانيان لێپرسينەوەيان لەگەڵدا ناكرێت؛ بۆ نمونە لە تەلەفزيۆنەكاندا، نزيكەی (70%)ی كردەوە توندوتيژييە نایاسايیەكان كە لەلايەن "پاڵەوانەكانەوە" ئەنجام دەدرێن، بێ سزا دەبن و (32%)يان پاداشت دەكرێنەوە، كەسايەتی و تايبەتمەندييەكانی ڕەفتارە پيشان دراوەكان كاريگەرييان لەسەر ئەگەری لاساييكردنەوەی لەلای ڕەفتارەكانی چاودێركراويش هەيە(كيرش، 2017: 49)، زۆربەی ئەو كردەوە توندوتيژيانە بريتييە لە كوشتن يان هەوڵدان بۆ كوشتن.

- **تيۆری ئەنۆمی و تاوان:**

"ڕۆبێرت مێرتۆن يەكێكە لە كاريگەرترين كۆمەڵناسەكانی سەدەی بيستەم. لە (٤ی تەموزی ١٩١٠) لە فيلادلفيا لە دايكبوە، لە زانكۆی هارڤارد خوێندويەتی و خوێندكاری تاڵكۆت پارسۆنز بوە" (Scott, 2007: 169). "مێرتۆن و دۆركهايم دو كۆمەڵناسی گەورە و ناوداری نێو نەريتی تيۆری وەزيفين. مێرتۆنی كۆمەڵناسی ئەمريكی وەک ميراتگری نەريتی دۆركهايم لەقەڵەم دەدرێ" (Irmak & Çam, 2014; 1297). "مێرتۆن تيۆرەی ئەنۆمی بۆ شرۆڤەكردنی ڕێژەی بەرزی تاوان و لادان بەكارهێنا" (عباس زادە و ئەوانی ديكە، ٢٠١٢: ١٤٩). "ئەنۆمی مێرتۆن ئاماژەيە بە نەبونی كەرەستەی پێويست بۆ گەيشتن بە ئامانجە دياريكراو و پەسەندكراوەكان. بە مانايەكی ديكە، لە تيۆری ئەنۆمی دۆركهايمدا ئارەزوی بێڕادە و بێ سنور هۆكاری ئەنۆميە، كەچی تيۆری ئەنۆمی مێرتۆن ناهاوسەنگی و لێكدابڕانی بێ ئەملاو ئەولای نێوان ئامانج و كەرەستەی گەيشتن بەو ئامانجانە، هۆكاری ئەنۆميە" (نايبی و ئەوانی ديكە، ٢٠١٧: ٣١).

"مێرتۆن پێيوايە لە سەرهەڵدانی تاوان و لاداندا دو بونياد ڕۆڵی سەرەكيان هەيە، يەكەميان، ئەو ئامانج و ئارەزوانەيە كە لەڕوی كولتوريەوە ناسێنراون و پەسەندكراون و تەواوی تاكەكانی كۆمەڵگە بە درێژايی ژيانی خۆيان بە شوێنيەوەن. بونيادی دوەم ئەو ڕێگە و كەرەستانەيە بۆ گەيشتن بە ئامانج و ئارەزوەكانيان. لە ڕوی عەقڵانييەوە، كاتێک تاكەكان ڕێگەيەكی ڕەوايان بۆ گەيشتن بە ئامانجەكانيان دەستناكەوێ، ئيتر پەنا بۆ ڕێگە و شێوەی ناڕەوا دەبەن"(عباس زادە و ئەوانی ديكە، ٢٠١٢: ١٥٠). "كاتێكيش ئامانجەكان و كەرەسەتەكانی بەديهێنانی ئەو ئامانجانە لە هەر كۆمەڵگەيەک بكەوێتە دۆخی ناهاوسەنگيەوە، ئيدی كۆمەڵگە دەكەوێتە دۆخی پشێوی و ناسەقامگيری و ئەنۆميكيەوە" (الربدی، ٢٠٠٣: ٣١). "لە وەها بارودۆخێكيشدا خەڵكی كەرەستە و ميكانيزمی كاريگەرتر بۆ گەيشتن بە ئامانجەكانيان بەكاردەهێنن. ئاكامی ئەوەش بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوانە لەوانەش تاوانی كوشتن" (Bernburg, 2002; 732). بۆ نمونە لە كۆمەڵگەی كورديدا لە پێناو پاراستنی شەرف، كە ڕەگێكی كەلتوری هەيە پياوان پەنا بۆ كوشتنی ژن و كچ و خوشكەكانيان دەبەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

"مێرتۆن ئەو بۆچونە ڕەتدەکاتەوە کە پێی وایە تاوان ڕەفتارێکی جۆریانەی تاکەکەسەکانە و تاڕادەیەکی زۆر خەسڵەتێکی زگماکی و ناخەکی هەیە، لەو بارەوە مێرتۆن هەوڵدەدا دەریبخا کە چۆن بونیادی کۆمەڵایەتی و کولتوری دەبنە فشارێک بۆ سەر ڕەفتاری لادەرانەی ئەو کەسانەی کە پێگەیەکی دیاریکراویان لە کۆمەڵگەدا هەیە...." (بوالماین، ٢٠٠٨: ٨٤). ئەوەتا مێرتۆن خۆی دەڵێ: "کاتێک سیستمی کۆمەڵایەتی وەک بەربەستی بەردەم گەیشتن بە ئامانجەکان دەبینرێ، ئیدی زەمینەی یاخیبونەوە وەک وەڵام و کاردانەوەیەکی گونجاو دەرەخسێ" (Merton, 1968; 211).

"مێرتۆن لە بارەی ڕەفتاری لادان و تاوانەوە دەڵێ: تاوان و لادان کاتێک ڕوودەدەن کە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی کولتوری، ببێتە بابەتێکی زۆر پێویست و زەرور، بەڵام تاک بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ناچاربێت پەنا بباتە بەر ڕێگە و نۆرمێکی تەکنیکی داهێنراو، نەک ڕێگەی باو و نۆرمی دامەزراو، هەر کۆمەڵگەیەک کە لە نێوان ئامانجە کولتوریەکان و ڕێگە و ئامرازە دامەزراوەییەکانیدا، باڵانس و هاوسەنگی هەبێت، کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەک سەقامگیر و جێگیرە، هەرچەندە کە بەردەوام لە حاڵەتی گەشەکردن و پێشکەوتنیشدایە" (محەممەد، ٢٠١٩: ٧٩). "زۆرێک لە تاکەکەسەکان هەروا پابەند و ملکەچی ئامانجە ئابورییە هاوبەشەکان دەمێننەوە، بەڵام چیتر پابەندی کەرەستە دامەزراوەییەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە نابن، بەو هۆیەشەوە دەگلێنە نێو تاوانەوە....... بە کورتی بەلای مێرتۆنەوە، کولتوری سەرکەوتن، تەنها دۆخی ئەنۆمی ناخولقێنێ، بەڵکو چەندان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەرونیی تاوان بەدی دێنێ..." (Bernburg, 2019: 6-7)، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و خۆدەوڵەمەندکردن تاک بەسود وەرگرتن لە بڵاوکراوەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بیرۆکەی نوێی لەلا گەڵاڵە دەبێ و پەنا دەباتە بەر کوشتن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵکی کەسی کوژراو، ئەوەش لە فیلم و دراما ئەمریکیەکاندا زۆر بەدیدەکرێ، چونکە "لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا دەوڵەمەندبون و سامانداری ئامانجێکی هاوبەشی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکیە و سەرکەوتن لە ڕوی ئابورییەوە نیشانەی سەرکەوتنی مرۆڤە لە ژیاندا، بۆیە ئەو سەرکەوتنە خەونی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکیە، بەڵام کەرەستە و میکانیزمە ڕەواکانی گەیشتن بەو ئامانجانە بۆ یەکسانی لەبەردەستی هەمو تاکەکاندا نییە، بۆیە تاکەکان ناچار دەبن بۆ گەیشتن بەسامانداری ڕێگە نارەوا و ناشەرعی بدۆزنەوە، "بەڵام تاکەکان ناتوانن بەتەواوی خۆیان لەگەڵ کەرەستە پەسەندکراوەکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا بگونجێنێ، زۆرێکیان پێیانوایە پێگە و پایەیان لە دابەشکردنی سەروەت و ساماندا بە جۆرێک نییە بتوانن بەشێوەیەکی یەکسان لە بەدیهێنانی ئەو سەرکەوتنە داراییەدا کێبڕکێی یەکتر بکەن" (Scott, 2006; 12) ڕەنگە کاریگەرترین ڕێگە و میکانیزمیش ئەنجامدانی تاوان بێ، لە بارودۆخ و کۆمەڵگەیەکی وەهادا بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.

کاتێک تاک چەند ئامانجێکی لە ژیاندا هەیە کە بریتییە لە دەوڵەمەندبون، یان پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کۆمەڵێک ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە، بە سروشت-یش تاکەکانی کۆمەڵگە دەستبەرداری خەونی دەوڵەمەندبون و سامانداری یان پێگە و ناوبانگی کۆمەڵایەتی نابن بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەک ئەگەر خاوەن ڕەگێکی کەلتوری زۆر بێ، بەڵام ئەگەری زۆرە دەستبەرداری ڕێگە ڕەوا و شەرعیەکانی گەیشتن بەو ئامانجە ببن، کاتێک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

پەنا دەباتە بەر کوشتن ئەوەش دۆخێکی نالەبار دەهێنێتە کایەوە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر مەترسی و گرفت زۆر دەبێ، چونکە لەو دۆخەدا هەوڵەکان بەر یەکتر دەکەون و تاکەکان ناچارن پێ بە ژیان و بەرژەوەندی یەکتردا بنێن و بکەونە گیانی یەکتر و یەکتر وەکو کەرەستەی گەیشتن بەو ئامانجە بەکار بهێنن. لەوێوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەنجامدانی تاوان بەگشتی و تاوانی کوشتن بەتایبەت هۆکارێکی تاکەکەسیی نییە، بەڵکو زادەی ژیانی کۆمەڵایەتیە و ئەوە کۆمەڵگەیە کە بەهۆی پەیامەکانی ڕاگەیاندن فشار بخاتە سەر تاکەکان بۆ پەنابردن بەر کوشتن.

## ٣. ڕاگەیاندن و گرفتی کوشتن

### ٣,١ ڕاگەیاندن وەک کەناڵێکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

ڕاگەیاندن بەیەکێک لە کەناڵە گرنگەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون دادەنرێ، ڕۆڵی تایبەتی لە کار و جوڵەی تاک هەیە، بەشداری لە پێکهێنانی ئاراستەی تاک دەکات، بەهەمان شێوە لە چۆنیەتی کات بەسەربردن، پەرەپێدانی شارەزایی، زانیاری و لێهاتویی، بڵاوکردنەوەی پرس و بەها گرنگەکان کە لە کۆمەڵگەدا زاڵن، کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی، فۆرمولەکردنی واقیع و، لاسایکردنەوەی ڕەفتار و خو و هزر و بۆچونەکان، لەو چوارچێوەیەدا (ئەنتۆنی گیدنز) کۆمەڵناسی هاوچەرخی بەریتانی پێی وایە "ڕاگەیاندن بەقەد قوتابخانە و زانکۆکان لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەعریفەدا ڕۆڵی گرنگی هەیە بەتایبەت لە گرنگیدان بە پرسەکانی حوکمڕانی باش و بەهێزکردنی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و هاندان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست" (مراد، 2014: 243)، بەڵام کاتێک ڕاگەیاندن ناتوانێ بەهۆی نەزانین یان نەبونی مەعریفەی پێویست مامەڵە لەگەڵ گرفتەکانی کۆمەڵگە بکات، لەوکاتەدا مەیلی منداڵ و گەنج و تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ لادان و تاوان و کوشتن ڕادەکێشێ، لەو دۆخەدا ڕاگەیاندن ئەوەندەی لایەنی نەرێنی دەبێ، ئەوەندە ڕۆڵی ئەرێنی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەدا نابێ.

ڕاگەیاندن بەئامرازە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپەمەنی و گۆڤار و کتێب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەبڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاستی ڕوداوەکان و هەواڵ و بەرنامەکانیان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی کۆمەڵایەتیبون هەیە، چونکە زانیاری جۆراوجۆر لە هەمو بوارەکاندا بڵاودەکەنەوە، پێداویستییە دەرونییەکانی تاک تێر دەکەن و، پشتگیری لە مەیلە دەرونییەکانی دەکات بۆ بەهێزکردن یان دەستکاریکردنی بەها و بیروباوەڕەکان و، گونجان لەگەڵ دۆخە نوێیەکان (السيد و، عبدالرحمن، 1999: 10). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین گرنگترین شێوازی دەرونی و کۆمەڵایەتی کە میدیا لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوندا پەیڕەوی دەکات بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ بکەین (نش و، بوهالي، 2018: 91):

- **دوبارەکردنەوە:** کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن ئەم ڕێگەیە دەگرنەبەر بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی دیاریکراو لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستە هەندێک کارەکتەر و بیرۆکە و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

وێنە و ڕەفتاری تاکەکان دوبارە دەکەنەوە و، بەهۆیەوە تاک زۆر شت لەبارەی ژیان و خۆیان لە کۆمەڵگە دەزانن.

- **سەرنجڕاکێشی:** سەرەنجڕاکێشی چەند هێندەی دوبارەکردنەوە کاریگەری لەلای تاک دروست دەکات، ئەم بابەتە لەگەڵ دەرکەوتنی تەلەفزیۆن و میدیای نوێ بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبونەوەی ئامرازە پێشکەوتوەکانی میدیای مۆدێرن کاریگەرییەکە زۆر زیادی کردوە.
- **بانگهێشتکردن بۆ بەشداریکردن و هاوبەشیکردن:** زۆرجار هەندێک لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پەنا دەبەنەبەر بانگهێشتکردنی تاک بۆ بەشداریکردنی ڕاستەقینە، یان بە نوسین یان وێنەکێشان، بۆ دەربڕینی بۆچونێک یان چارەسەرکردنی کێشەیەک لەسەر بابەتێک لە بابەتەکانی کۆمەڵگە، ئەم پرۆسەیە لە ئێستادا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەربڵاوە.
- **پیشاندانی کەسە جیاوازەکان:** زۆرجار کەسێک بەرهەم و ڕەفتارێکی جیاوازی هەیە، ئەو کەسە ئەشێ ڕەفتارێکی ئەرێنی تایبەتی هەبێ و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی داگیرکردوە، مەبەست لە پیشاندانی بۆ وەرگرتنی ڕەفتارەکانیەتی لەلایەن کەسانی دیکە، جاری واش هەیە ڕەفتارەکەی نەرێنیە، لەو کاتەدا دەبێ مەبەست لە پیشاندانی بۆ ڕەخنەگرتن لاساینەکردنەوەی بێ.

### ٣,٢ پاڵنەرەکانی ڕاگەیاندن بۆ برەودان بەتاوانی کوشتن

لە بنەڕەتدا، کۆمەڵناسان هۆکاری گرفتەکانی کۆمەڵایەتی بەگشتی و تاوانی کوشتن بەتایبەت دەگەڕێننەوە بۆ لاوازی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵ وەک جیابونەوەی هاوسەران، لاوازی بارودۆخی ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری، لاوازی توانا بایۆلۆژی و دەرونییەکانی تاک، وەک بەرکەوتنی بە نەخۆشییە جەستەیی و دەرونییەکان، لاوازی سیستمی دادوەری، یان بەرکەوتنی تاکەکەس بە بێزاری لە لایەنێک لەلایەنەکان ژیان وەک بێزاری ئابوری، سیاسی، پەروەردەیی یان ڕۆمانسی، بۆ دربازبون لەو بێزاریەو ژینگە خراپەی تێدا دەژی، تاک پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئەمە کاریگەرییەکانی ئەو فشارانە کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتریان دەکات و، مەیللی تاک بۆ شەڕ و کوشتن و تۆڵەسەندنەوە زیاتر دەکات، چونکە ئەو جۆرە تاکانە سود لە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە میدیانە وەردەگرێت کە بڵاودەکرێنەوە، بەتایبەت ئەو پەیامانەی کە ناوەڕۆکەکەی پڕیەتی لە کولتوری تۆڵەسەندنەوە (علي، 2019: 169–170)، ئەوانەش ئاراستەیەکی نەرێنییان بۆ کۆمەڵگە هەیە و بونەتە مۆدێلی جیاوازی تاوان و بە بەرزترین تەکنەلۆژیا بڵاودەکرێنەوە، بەم شێوەیە ڕاگەیاندن دەبێتە ئامرازێک بۆ هاندانی تاکی کێشەدار، لێرەدا باس لە پاڵنەرە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ڕاگەیاندن لە زیادبونی تاوانی کوشتن دەکەین:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

**یەكەم: پاڵنەرە ڕاستەوخۆكان**

- **هەواڵەكان** :

هەواڵ تەنها بریتیە نییە لە گواستنەوەی زانیاری لەبارەی بابەتێک یان گرفتێكی دیاریكراو، بەڵكو لەهەمانكاتدا پێدان وگەڵاڵەكردنی بیرۆكەی نوێشە، ساڵانێكە مشتومڕێک لە نێوان ڕۆژنامەنوسانی پیشەیی لە لایەک و بەرپرسانی ئاسایش و دادوەران و كۆمەڵناسان لەلایەكی دیكەوە سەبارەت بە ئەگەری بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوانەكانی كوشتن لە میدیاكان سەریهەڵداوە، ئایا بڵاوكردنەوە سودبەخشە یان زیانبەخش؟ ئایا یارمەتیدەرە لە كەمكردنەوەی ژمارەی تاوانەكان یان یارمەتیدەرە بۆ زیادكردنیان؟

ئەو ڕۆژنامەنوسانەی لە گرفتە كۆمەڵایەتییەكان كاردەكەن بەتایبەت ڕوماڵكردنی تاوانی كوشتن دوپاتی دەكەنەوە شێوازی مامەڵەكردنی ڕۆژنامەنوس لەگەڵ هەواڵی تاوانەكە پێوەری سەرەكییە لە دیاریكردنی ئامانجی بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵانە كە پەیوەندییان بە تاوانەكەوە هەیە، هەواڵی تاوان بەتایبەت تاوانی كوشتن خوێنەرێكی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی خوێنەر بەزۆری هەواڵی ئاسایی ناخوێنێتەوە، بەڵكو هەواڵی سەرنجڕاكێش وەک هەواڵی تاوانی كوشتن دەخوێنێتەوە. چونكە خودی تاوانەكە ڕوداوێكی نائاساییە، كە تێیدا یاسا و بەهاكانی كۆمەڵگە و داب و نەریتە بەركارەكان پێشێل دەكرێت، بەڵام شێواز و چۆنیەتی ڕوماڵكردنی هەواڵەكانی تاوان دو ئاراستەی دروستكردوە، "ئاراستەی یەكەم پێیوایە بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوان بەتایبەت كوشتن هاندەرە بۆ زیادبونی تاوان، بەتایبەت كەماوەی ئەنجامدانی تاوانەكە و سزادانەكەی زۆر بێ، چونكە وەرگر یان خوێنەر هەواڵی ئەنجامدانی تاوانەكەی پێ دەگات بەبێ ئەوەی سزاكەی بزانێ، هەرچی ئاراستەی دوەمە پێیوایە تاوان بەشێكە لە واقیعی كۆمەڵایەتی، فەرامۆشكردنی لەلایەن ڕاگەیاندن واتا فەرامۆشكردنی ئەركێكی گرنگی ڕاگەیاندن لە كۆمەڵگەدا، چونكە ڕۆژنامە ئاوێنەی كۆمەڵگەیە، جگە لەوەش فەرامۆشكردن و بڵاونەكردنەوەی هەواڵەكانی تاوان نەک نابێتە هۆی كەمكردنەوەی تاوان، بەڵكو دەبێتە هۆی زیادبونی تاوان" (نصر و العدوی، 2021: 142) .

بەڵام لە پاڵ ئەو دو ئاراستەیە ئاراستەی سێیەمیش هەیە، كە پێی وایە ڕاگەیاندن گرنگە ڕوماڵی هەواڵی تاوانەكان بەگشتی و كوشتن بەتایبەتی بكات، بەڵام بەڕەچاوكردنی كۆمەڵێک پرنسیپ و یاسا، ئامانج لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە بێ لە مەترسیەكان، هەربۆیە "ڕۆژنامەنوس و میدیاكاری پیشەیی بە دەستپاكی و هەستیاری و وردبینی مامەڵە لەگەڵ هەواڵەكانی كوشتن دەكەن، گرنگترین شت كە دەبێت وریا بن لەكاتی ئامادەكردنی هەواڵ لەبارەی تاوانی كوشتن هاوسەنگی لە نێوان ئاسایشی كەسانی قوربانییەكان و مافی زانینی خەڵكدا مسۆگەر بكرێت "( عزام، 2016: 4).

- **فیلم و دراما:**

فیلم و دراما كاریگەری زۆریان لەسەر بینەر هەیە، لە توێژینەوەیەكی زانستیەدا لەبارەی (كاریگەرییەكانی تاوان و توندوتیژی تەلەڤزیۆن) بەم شێوەیە باس لە كاریگەری هەواڵی كوشتن لە تەلەفزیۆنی لەسەر بینەر بەتایبەت گەنجان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

دەکات " مایکل کارنیال تەمەنی چواردە ساڵ بو لەگەڵ دو هاوڕێی تەقەیان لە دایک و باوکیان کرد و دواتر چونە قوتابخانە و تەقەیان لە هەندێک هاوپۆل کرد و هەندێکیان لێ کوشتن، دوای دەستگیرکردنی، پرسیار لە مایکل کارنیال کرا کە چی بیرۆکەی پێبەخشیوە تاوانێکی بەو شێوەیە ئەنجام بدیت وتی: لە فیلمی ( The Basketball Diaries) کارەکتەرێک هەیە گیرۆدەی هێرۆین بوە لە یەکێک لە بەرزاییەکاندا دەچێتە ناو زنجیرەیەکی خەونەوە، لە خەونەکەیدا دوای شکاندنی دەرگای ئامادەییەکەی هاوپۆلەکانی دەکوژێت (UKEssays, 2018:5)، دیمەنەکانی هاوشێوە لە فیلمەکان دەبێتە هۆی ئەوەی هەرزەکار بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەگەر کێشەیەکیان لە قوتابخانەدا هەبێت بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، لەماوەی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، تەنها لە کەناڵی (کوردماکس) چەندین دیمەنی کوشتن و توندوتیژی لە زنجیرە دراماکانی (خاکی تاڵ، وازم لێ مەهێنە، خاکی ئەفسانەکان، لێم ببورە، هەیبە، پەیمان شکێن، گرێ کوێرە) کە درامای تورکی و هندی و کۆرین پەخش و بڵاوکرانەوە، جگە لەوەش ڕۆژانە بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی بینەر بۆ ئەڵقەکان، دیمەنی کوشتن و توندوتیژییەکانیان دەکردە ڕیکلام.

- **پرۆگرامەکانی تایبەت بەتاوان:**

پەخشکردنی پرۆگرامەکانی تاوان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەت لە ناو کۆمەڵگە جیاکان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی دەرکەوتنی تەلەفزیۆن، لەو بەرنامانەدا سیناریۆیی شێوازەکانی چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە دەخەرێتەوەرو هەر لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی تاوانەکە تا چۆنیەتی پلاندانان و ئامادەکارییەکان و جێبەجێکردنی، بەپێی توێژینەوەیەک کە لەبارەی بەرنامە تەلەفزیۆنەکانی تایبەت بەتاوان لە پاکستان ئەنجامدراوە، دەرکەوتوە "گەنجان سودیان لەو بەرنامانە و وەرگرتوە لە بەدەستهێنانی تەکنیکی نوێی تاوانکردن" (Bhadur, Ullah& Zaman, 2016:81)، چونکە ئەو جۆرە بەرنامانە بینەر فێری چۆنیەتی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەک دەکات، هەروەها فێری دەکات چۆن یاسا بەرکارەکان پێشێل بکات ڕابکات، ئەم بەرنامانە زۆرجار بیرۆکە و تەکنیکی جیاواز سەبارەت بەچۆنیەتی بیرکردنەوە لەتاوان و پلاندانان و جێبەجێکردنی پلانەکانی کوشتن پێشکەش دەکەن.

پسپۆڕانی بوارەکە، بەرنامەکانی تاوان، کە بەشێکی زۆریان تایبەت بەکوشتن بەیەکێک لە پاڵنەرە سەرەکیەکانی زیادبونی ڕێژەی تاوان بەتایبەت کوشتن لە کۆمەڵگە دادەنێن، لە ئەنجامی توێژینەوەیەکدا بۆ دورکەوتنەوە لە مەترسیی بەرنامەکانی تاوان، بەرپرسانی بەریتانیا هەڵمەتێکیان دەستپێکرد بۆ "سنورداركردنی بەرنامەکانی تاوان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەت بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، بە مەبەستی پاراستنی تاک لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو بەرنامانە لەسەر دەرونی و ڕەفتارەکانیان" (کناکر، 2009: 7)، چونکە دەرکەوتوە ئەم جۆرە بەرنامانە دوای (10) ساڵ ئینجا کاریگەرییە نەرێنیەکانی لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەوێ.

لەلایەکی دیکەوە، لە وڵاتی مەغریب بەرنامەیەکی هاوشێوە بەناوی مەترسیدارترین تاوانباران (أخطر المجرمين) هەبو، لە بەرنامەکەدا کە مانگانە لە کەناڵی (2)ی ئەو وڵاتە پەخش دەکرا، تایبەت بو بەگێڕانەوەی چیرۆکی مەترسیدارترین تاوانبارەکانی ئەو وڵاتە، بەپێی هەڵسەنگدانێکی دامەزراوەی "مارۆک میتر" کە هەڵسەنگاندن بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

ڕێژەی بینەرانی کەناڵە نیشتمانییەکان لەو وڵاتە دەکات، دەرکەوت بەرنامەی "مەترسیدارترین تاوانباران" توانی لە یەکەم ئەڵقەکانیدا پێشەنگی ڕێژەی بینەرانی کەناڵەکان بێ، بەشێوەیەک تێکڕا (٤٥.٨٪)ی بینەری هەبوە، واتە نزیکەی (٥) ملیۆن بینەر. ئەو بەرنامەیە دوای ئەوەی چەندین ئەڵقەی پێشکەشکرا، تیمی ڕاوێژکاران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاند: کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو بەرنامانەی کە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی تاوانکاری دەکەن، بە تایبەت لەنێو منداڵانی کەم تەمەندا زۆرە، بەشێوەیەک زۆرێک لەو کەسانە تاوانیان ئەنجامداوە ئیلهامیان لەو بەرنامە تاوانیانە وەرگرتوە کە لە تیڤیدا بینیویانە، هاوکات دەنگی نارەزایی و خۆپیشاندان و داواکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتە بۆ ڕاگرتنی پەخشکردنی بەرنامەکە دەستپێکرد.

ئەو کاردانەوانە وایکرد مستەفا ئەلخەلفی وەزیری گەیاندن مەغریبی لە دانشتنێکی پارلەمانی وڵاتەکەی لە ساڵی (2015) بەرنامەی مەترسیدارترین تاوانباران (أخطر المجرمين) و چەند بەرنامەیەکی هاوشێوەی ڕاگرێت، ئاماژەی بەوەشکرد کە بەرنامەکانی تر ئامادە دەکەن بە شێوەیەک کار لە سەر مرۆڤە نمونەیی و سەرکەوتوەکانی کۆمەڵگە و ئەو کەسانە بکات کە خزمەتی کۆمەڵگەیان کردوە بەتایبەت لە بواری ڕزگارکردنی خەڵکدا (https://s.alwakeelnews.com/126505).

لەسەر ئاستی عێراقیش لە ساڵی (1958) تا ساڵی (1973) بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بەتاوانەکان بەناوی پۆلیس لە خزمەت خەڵکدا (الشرطة في خدمة الشعب) لە کەناڵی ئەلبەغدادی پەخش دەکرا، بەڵام لە دوای ساڵی (1970) بەدواوە دۆخی ئەمنی لە عێراق شڵەژانی تێکەوت کوشتنی هاووڵاتی ئاسایی زۆر بو، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە دەسەڵاتەوە نەبو، ئەوەش کاریگەرییە ئەمنی و دەرونی نەرێنی لەسەر خەڵک دروستکرد و ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکی زۆر بو، بۆ گەڕانەوەی ئارامی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار حکومەت چەند بڕیارێکی دەرکرد، یەکێک لە بڕیارەکان ڕاگرتنی (بەرنامەی پۆلیس لە خزمەت خەڵکدا) بو (المشهداني، 2014: 8) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش لەماوەی چەند ساڵی ڕابردو و تا ئێستاش چەند کەناڵێک بەرنامەی هاوشێوە پەخش دەکەن بەبێ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە.

- **یارییەکانی ئەلیکترۆنی:**

یارییەکانی ئەلکترۆنی بە شێوازی جیاواز کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، بەڵام ئەو یاریانەی کە تایبەتن بەتوندوتیژی و کوشتن، کاریگەری لەسەر زیادبونی ڕێژەی کوشتن لە کۆمەڵگەکان هەیە، توێژینەوەکان چاودێری دەیان تاوانی کوشتنیان کردوە کە پاشخانەکانیان پەیوەست بوە بە یارییەکانی ئەلکترۆنی.

توێژینەوەیەکی ئەمریکی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە "هەڵسوکەوتی شەڕانگێزی، بیری دوژمنکارانە، تورەیی و توندوتیژی لە کچان و کوڕاندا دوای ئەوەی یارییە توندوتیژەکان دەکەن، بەرێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. ئەم توێژینەوەیە دوای ساڵێک لە تەقەکردن و ئەو کوشتنە ئەنجامدرا، کە لە ئامادەیی کۆلۆمبا ( Columbine High School) لە ویلایەتی کۆلۆرادۆ ڕویدا، کە بوە هۆی کوژرانی ١٢ خوێندکار و مامۆستا، جگە لە بریندار بونی ٢٤



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

کەسی دیکە، ئەم کۆمەڵکوژییە سەرنجی توێژەرانی بۆ ئەو توندوتیژیانە ڕاکێشا کە لە یارییە ئەلیکترۆنیەکان دەکرێن. ئەوانەی ئەو کۆمەڵکوژیەیان ئەنجامدا ناویان دیلان کلیبۆڵد (Dylan Klebold) و ئێریک هاریس (Eric Harris) بو پێش ئەوەی خۆیان بکوژن، لە تۆمارێکی ڤیدیۆیەدا کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشت، کوشتنەکەیان وەک یاری ڤیدیۆیی Doom 1 وەسف کردوە" (الغفیلي،2010 :27–28).

یارییە ئەلکترۆنیەکان بەپێی تایبەتمەندیان کاریگەریان لەسەر تاک هەیە، بۆ نمونە یارییەکانی (PUBG , Free fire ,Blue Whale, Fortnite, Pokémon Go) لەو یاریانەن کە پڕن لە توندوتیژی و کوشتن، بەشێوەیەک هەوڵدان بۆ مانەوە و قەبوڵنەکردن و لەناوبردنی بەرامبەر و خوێنڕشتن و کوشتار تەواوی دیمەنەکانی یارییەکانی داپۆشیوە، ئەوانەی ئەو یارییە دەکەن چێژ لە کوشتن دەبینن و کوشتن لەلایەن دەبێتە شتێکی ئاسایی و لەهەمانکاتدا شەرعیەتیش بەکوشتنەکە دەدەن، لەم یاریانەدا جگە لە کوشتن و هێرشبردن پەنا نابرێتە بەر لێبوردەیی و گفتوگۆ و خۆشەویستی و میهرەبانی، بەڵکو ئازاردان و کوشتنی بەرامبەر کاریکی سروشتییە، چونکە لە بنەڕەتدا زۆربەی یارییەکان لەسەر بنەمایەکی توندوتیژی داڕێژراون و بیرکردنەوەی کوشتن لە مێشک و هزری یاریزانەکاندا پەرەپێدەدەن (برغش، 2021: 155)، لەو چوارچێوەیەدا، پۆلیسی شاری لاهور لە پاکستان لە ڕێکەوتی (2022/2/2) بڵاویکردەوە، بکوژێکیان دەستگیرکردوە، کە لە ژێر کاریگەری ئالودەبون بە یاری پەبجی چوار ئەندامی خێزانەکەی (دایکی و دو خوشک و برایەکی) خۆی کوشتوە.

- **تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی:**

سۆشیال میدیا و میدیای نوێ کە بەیەکێک لە ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێ، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گرفتی کوشتن لە کۆمەڵگەدا دروستکردوە، چونکە بە شێوازی جیاواز کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا ئەم کاریگەرییە بوەتە هۆی مردن و کوشتن، توێژینەوەکان چەندین تاوانی کوشتنیان خستۆتەڕو، کە پاشخانەکانیان پەیوەست بوە بە خراپە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەو چوارچێوەیەدا سێنتەری میدیای دیجیتاڵی کە بە (DMC) لە عێراق ناسراوە، هۆشداری لە زیادبونی مەترسیەکانی "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان" لەسەر پرۆسەی دادوەری لە عێراق دەدات و، پێی وایە کۆمەڵێک دۆسیە کە دادگە سەرقاڵی دادگاییکردنی تۆمەتبارانە، بەڵام لە سۆشیال میدیادا ناوزڕاندنی تۆمەتباران دەکرێ پێش ئەوەی بڕیاری دادوەر لە دژی تۆمەتبار یەکلای بکرێتەوە.

سێنتەرەکە ڕونیکردەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەفزیۆنەکان دانپێدانان و بەڵگانامەی تۆمەتبارەکان بڵاودەکرێنەوە، کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی دۆزینەوەی بەڵگەی تاوان لەلایەن دامەزراوە حکومیە تایبەتمەندەکان وێنەدەگیرێن، ڕونیشیکردەوە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لەو دانپێدانانە دەبرن بە مەبەستی بەدەستهێنانی کارلێک و خوێنەر و بینەری زیاتر، هەروەها چیرۆک لەسەر تۆمەتبارەکان دەنوسن بۆ زیادکردنی ژمارەی فۆڵۆوەرەسەکانیان و بەدەستهێنانی خوێنەری زیاتر، بەو هۆیەشەوە سزادانی تۆمەتبارەکان لە دادگایی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

کۆمەڵایەتی لە پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بوە (dmc: 2021)، جگە لەوەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونە ئامرازێک بۆ هاندانی توندوتیژی و کوشتن و تۆڵەکردنەوە.

**دوەم: پاڵنەرە ناڕاستەوخۆکان**

- **بێ بەهاکردنی سیستمی دادوەری:** پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی دادوەری و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی تەواوکەرە، هەردوکیان خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆیانن و هەریەکەشیان پشت بە زەمانەتی دەستور دەبەستێت، وەک چۆن میدیا پەیوەستە بە ئازادی ڕادەربڕین کە دەستور گەرەنتی دەکات، دەسەڵاتی دادوەریش ئەرکەکانی لە چوارچێوەی گەرەنتییە دەستورییەکاندا جێبەجێ دەکات، بەڵام پەیوەندی نێوانیان لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکاندا ڕێکخراوە، دەسەڵاتی دادوەری ئازادی میدیا دەپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەبەرامبەردا ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بابەتیی پشتیوانیکردنە لە دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆیی و، بڵاوکردنەوەی کلتوری یاسایی و دادوەری لە کۆمەڵگەدا. کەواتە ئەرکی ڕاگەیاندنە بە شێوەیەکی بابەتی و یاسایانە و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕوداوانە بکەن کە لە ناودا هۆڵەکانی دادگا دەگوزرێت (بیرقدار، ٢٠١٧).

متمانەی کۆمەڵگە بە دەسەڵاتی دادوەری پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دوچاری زیادبون و کەمبونەوە دەبێت، بەو پێیەی پەیوەستە بە دەیان گۆڕاو و فاکتەری جیا، بۆ نمونە جاری وا هەیە لە تاوانێکی کوشتن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێش دادگا دەکەون تۆمەتبار بەتاوانبار وەسف بکەن، ئەوە نەک هەر بۆ ڕاگەیاندن، بەڵکو جاری وا هەیە پۆلیسیش دوچاری ئەو هەڵەیە دەبێتەوە، یان جۆری مادە و سزاکان بۆ تۆمەتبار دەردەکەن، بەڵام کاتێک بڕیاری دادوەری دەردەچێت بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتەیە کە میدیاکان لە هزری تاک چاندویانە، لەوکاتەدا ڕای گشتی توشی سەرلێشێواوییەکی زۆر دەبێت و، متمانەی بەدادگا و سیستمی دادوەری نامێنێ، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئامرازە کەسیە بەردەستەکان بۆ تۆڵکردنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕێگریکردن لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە کۆمەڵگە، لەبەر ئەوە دەبێت ڕاگەیاندنەکان جیاوازی لە نێوان قسەکردن لەسەر ڕوداوەکانی کوشتن و قسەکردن لەسەر حوکمەکەی دادگاکان لەسەر کوشتن بکەن، هەروەها ڕاگەیاندنەکان لە بری ئەوەی ببنە چاودێر بەسەر سیستمی دادوەری، کار بۆ بێ بەهاکردنی سیستمی دادوەری دەکەن.

- **شێواندنی وێنەی دامەزراوە ئەمنیەکان و پۆلیس:** بەهۆی ناپرۆفێشنیاڵی لە ڕوماڵکردن و گواستنەوەی هەواڵەکانی تاوانی کوشتن لە کۆمەڵگەی کوردستانی وێنەیەکی شێواوی پۆلس و دامەزراوە ئەمینیەکان لە هزری تاک و کۆمەڵگە پیشان دەدرێ، بۆ نمونە هەندێ لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەک ڕەوشت و کاراکتەری ئەفسەرانی پۆلیس پیشان دەدەن، کە مەیلی توندوتیژی و تۆقاندن یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیان هەیە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

بۆیە ڕێگە بۆ گومانلێکراو خۆش دەکات، کە تاوانی کوشتن ئەنجام بدات.

جاری واش هەیە لە گواستنەوە و ڕومالّی هەواڵەکانی تایبەت بە ڕوداوەکانی کوشتن، میدیاکار باس لە لاوازی دامەزراوەی پۆلیس و خودی هێزەکانی پۆلیس لەمامەڵەکردن لەگەڵ ڕوداوەکانی کوشتن دەکەن، بۆ نمونە دەڵێ لە کاتی خۆی پۆلیس نەگەیشتە شوێنی ڕوداوەکە، یان دەڵێن ژمارەی پۆلیسەکان وەک پێویست نەبون، یاخود کەلوپەلی پێویستیان پێ نەبو، هەندێجاریش میدیاکار دەڵێ: لەبەر ئەوەی پۆلیس یان هێزە ئەمنیەکان هیچ ستراتیژ و پلانێکی سەرکەوتویان بۆ ڕوبەڕوبونەوە یان دەستگیرکردنی تۆمەتباران نییە، بۆیە تۆمەتبار بەئاسانی لە تاوانی کوشتن لە دەست هێزە ئەمنیەکان ڕادەکەن، بڵاوکردنەوەی هەریەک لەو دەستەواژە و بیانوانە لە هەواڵی تایبەت بەگرفتی کوشتن، ڕێگە خۆش دەکات تا تاوانی هاوشێوە لە کۆمەڵگە دوبار بکرێتەوە و، کوشتن زیاتر بێ.

ئەوە جگە لە ناکۆکی نێوان ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی پۆلیس سەبارەت بەوەرگرتنی زانیاری لەبارەی تاوانەکانی کوشتن، چونکە "پۆلیس و دامەزراوە ئەمنیەکان هەمیشە ئارەزوی ئەوە دەکەن ڕاگەیاندنەکان بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لەبارەی تاوانەکانی کوشتن دامەزراوەکانی پۆلیس بکەنە سەرچاوەی سەرەکی نەک لە کەسوکاری قوربانیەکان یان شایتحاڵەکان، ئەمە دەبێتە هۆی ئاشکراکردن شوێنپێ تۆمەتباران و دروستکرنی لەمپەر و کێشەی سەخت بۆ کاری پۆلیس" (المشهداني، 2017)، لەبەرامبەردا بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان و میدیاکاران دامەزراوەکانی پۆلیس بەلایەنگر بۆ هەندێ ڕاگەیاندن تۆمەتبار دەکەن و زانیاریان پێ دەدەن، بەڵام بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان هیچ زانیاری و لێدوانێک نادەن.

هەندێجاریش پۆلیس خۆی ڕۆڵی لە شێواندنی وێنەی دامەزراوەکانی و ئاستی متمانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، بەتایبەت کاتێک لە بری دادگا حکومی پێشینە دەدات، بۆ نمونە شەوی (7 لەسەر 2022/3/8 ) کەسێک بەناوی (س.ع.ج) کوژرا، پۆلیس پێش دادگا کەوت و، کەسی کوژراوی بەتاوانبار لەقەڵەمدا و ناوی سیانی بڵاوکردەوە و بیانوی بۆ کوشتنەکەی لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا بڵاوکردەوە!، بۆیە گرنگە ئەوانەی لە ڕاگەیاندن و وتەبێژی دامەزروەکانی ئەمنی کار دەکەن لە بواری ڕاگەیاندن و پرۆسەی دادگایکردندا پەروەردەکرابن.

- **وێناکردنی ژیانی ڕۆژانەی تاوانباران بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش:** یەکێکی دیکە لە پاڵنەرە ناڕاستەوخۆکانی ڕاگەیاندن لەسەر منداڵان و گەنجان بەتایبەت ئەوەیە کە تاوانبار و بکوژ دەکاتە کەسێکی سەرنج ڕاکێش، ئەوەش لە ڕێگەی پیشاندان و وێناکردنی وەک کەسێکی زیرەکی نائاسایی ئەو شەڕ و قارەمانێتییەی ئەنجامی دەدات! لەهەمانکاتدا پیشاندانی ژیانی ڕۆژانەی وەک پاڵەوانێکی کۆمەڵگە، ڕەنگە ئەم تاوانبارە زۆرجار ببێتە مۆدێل و هێمایەک لە خەیاڵی بینەردا، بە تایبەت کاتێک ڕۆڵی تاوانبارەکە وەک "ئەستێرە"یەک لە ئەستێرەکانی سینەما دەبینێت کە بینەر خۆشیان دەوێت(نصر، 2021). لە ڕۆژنامەکانیشدا هەمان شت ڕودەدات کاتێک هەواڵی کوشتن بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەنوسن و دواتر دەڵێن دامەزراوە ئەمنیەکان نەیاتوانیوە دەستگیری بکەن، یان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

کەسێک، حزبێک داڵدەی دەدات.

لەلایەکی دیکەوە، زۆرێک لە فیلم و دراماکان لە خستنەڕوی شێوازی ژیانی تاوانباران تیشک دەخەنە سەر چۆنیەتی چێژوەرگرتنی لە ژیان، بەتایبەتی چێژ وەرگرتن لە دەسەلات، کە هاوتەریبی دەسەلاتی دەوڵەت و یاسای دەکەن.

- **بەئاسایکردنی تاوانی کوشتن** (**تۆڵەکردنەوە**): خستنەڕوی هەواڵی کوشتن و باسکردنی هۆکارەکانی کوشتن و نمایشکردنی فیلمەکان لە کاتە نەگونجاوەکان بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەنی بینەر، بیروبۆچونێک لەلای تاک بەگشتی و گەنج و هەرزەکار بەتایبەت دروست دەکات، کە بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانی و تۆڵەسەندنەوە لە بری دادگا و ڕێگەی گفتوگۆ پەنا بباتە بەر کوشتن، ئەم دۆخە لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان زۆتر بوە بەتایبەت کاتێک هەواڵێکی پەیوەست بەکوشتن بلاودەکرێتەوە و باس لە هۆکارەکان دەکەن بەبێ لێکۆڵینەوەی دادوەری ژمارەیەکی زۆری لە بەکارهێنەرەکانی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دەستخۆشی لە بکوژ دەکەن، بۆ نمونە وەک ئەوەی لە کوشتنی (أ.م) ناسراو بە (ماریا) تێبینیمان کرد، کە ژمارەیەکی زۆر دەستخۆشیان لە براکەی دەکرد، کاتێک کە چاوپێکەوتنەکەی بلاوکرایەوە، بۆیە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە و خستنەڕوی بیانوەکانی کوشتن دەبنە هۆکارێک بۆ پەنابردنە بەر کوشتن لە کاتی بونی گرفتێکی هاوشێوە، بەمەش کوشتن دەبێتە شتێکی ئاسایی.
- **گرتوخانەکان**: گرتوخانەکان لە بری ئەوەی وێستگەیەک بن بۆ چاکسازیکردنی لە ڕەفتاری تاوانبار، لە هەندێ دۆخەدا دەبنە ناوەندێک بۆ فێربونی تاوانی جۆراوجۆر لەوانەش کوشتن، چونکە لە زۆربەی گرتوخانەکانی کوردستان جیاوازی لە نێوان جۆری تاوانەکان ناکرێ، لە یەک هۆڵدا تاونبارانی جۆراوجۆری تێدا کۆکراوەتەوە، هەربۆیە کاتێک حکومەت لەژێر فشاری ڕاگەیاندن و ڕای گشتی لێبوردنی گشتی یان مەرجدار بۆ زیندانیان دەردەکات، تاوانباران لە کۆمەڵگەدا تاوانی دیکە ئەنجام دەدەنەوە، چونکە "پرۆگرامەکان و ڕاهێنانەکانی نێو چاکسازییەکان لە ئاستی پێویستدا نین و کاریگەری کەمییان لە ڕێگریکردن بۆ تاوان هەیە، جگە لەوەش بەکۆمەڵ سەیرکردنی فیلم لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان ڕۆڵی هەبوە لە دوبارە گەڕانەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان (مصطفی، 2020: 119-120)، بەلام وەک توێژینەوەکان پێی گەیشتون جۆری تاوانەکان گۆڕانیان بەسەر هاتوە، بەشێوەیەک ئەگەر لە جاری یەکەم تاوانبارێک تاوانێک یان لادانێکیان کردبێ دوای ئازادبون توانی گەورەتریان کردوە وەک بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، بەلام لە جاری سێیەم ئەو جۆرە تاوانانە گەیشتۆتە ئاستی دزی و کوشتن.
- **فەرامۆشکردنی ئەرکە خێزانییەکان**: بەگشتی خێزان ڕۆڵی نێوەندگیری ئەرێنی گرنگی لە نێوان تاک و بەها کۆمەلایەتییەکاندا هەیە، چونکە لە ڕێگەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەلایەتیەوە هەوڵدەدات جۆرێک لە بەرگری پەروەردەیی و ڕێگری لە لادانی منداڵ دروست بکات، بەلام لەگەڵ هاتنە ناوەوەی تەلەفزیۆن و سوشیال میدیا و یارییە ئەلکترۆنییەکان ڕۆڵی خێزان لەو بوارەدا بەتایبەت لەو کۆنترۆڵە تەواوەی بەسەر منداڵاندا هەیبو، وردە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

ورده بەرەو لاوازی دەڕوا، جگە لەوەش بەهۆی زۆری کار و کەمتر کۆبونەوەی خێزانەکان، سەرۆک خێزانەکان لە سەرپەرشتیکردنی ئەرکەکانی بەتایبەت لە چاودێریکردن و پێگەیاندنی منداڵ بەرەو لاوازی هەنگاو دەنێ، ئەوەش جۆرە ناهاوسەنگیەک دەرونی و کۆمەڵایەتی لە نێوان ژینگەی دەرەکی (باخچەی ساوایان، قوتابخانە، شەقام، هاوڕێیان) لەلایەکی و ڕاگەیاندنی نوێ لەلایەکی تر دروستکردوە، چونکە یەکێک لە کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر هەڵسوکەوتی تاک کوشتنی هەستەکانە بەرامبەر بەکەسانی تر بەتایبەت لە حاڵەتی بەرنامە و فیلم و یارییە ئەلیکترۆنیە توندوتیژەکاندا کە ئەمڕۆ لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بونیان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی تەرخانکراون بۆ منداڵان و گەنجان و، پڕن لە دیمەنی کوشتن و توندوتیژی.

- **هاوسۆز پەیداکردن لەگەڵ کەسانی بکوژ:** لە هەرێمی کوردستان هەندێجار ڕاگەیاندنەکان چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانە، یان کەسوکاری ئەو کەسانە دەکەن، کە تۆمەتبارن بەئەنجامدانی تاوانی کوشتن، لە میانەی چاوپێکەوتنەکەدا کەسی تۆمەتبار بەر لەوەی دەستگیر بکرێ و لەلایەن دادگاوە لێکۆڵینەوەی لێبکرێ جۆرەها بیانو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەیان دەهێننەوە، ئەوەش وا دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جۆرێک لە هاوسۆزی بۆ کەسی تۆمەتبار یان بکوژ پەیدا بکرێ، بەبێ ئەوەی گوێ لە کەسوکاری قوربانی بگیرێ، بۆ نمونە کاتێک ژنێک لە ڕێکەوتی (2022/3/5) لە هەولێر دەکوژرێ برایەکی بەکوشتنی تۆمەتبار دەکرێ، بەڵام لە ڕادیۆی کوردستان24 چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا، لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی بەوردی باسی لە هۆکار و چۆنیەتی کوشتنی کرد، بڵاوکردنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە لەلای بەشێک لە خەڵکی دەستخۆشی لێکرا و هاوسۆزی بون.
- **دەرچون لە بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگە (لێبوردەیی)**: بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، وەک بەهای لێبوردەیی، میهرەبانی، خۆشەویستی، خۆبەخشی، بۆیە بەهاکان لە واقیع جیا نین، بەڵکو لە کۆمەڵگە وەک مانا و چەمک و دیاردە بونیان هەیە و، لە ڕێگەی سیمبول و کەسایەتی و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان بەرجەستە دەبەن، هەربۆیە کاتێک مرۆڤەکان ڕوبەڕوی کێشە و گرفت دەبنەوە ئەم بەهایانە دەبنە ئامرازێکی گرنگ بۆ پتەوکردنی گیانی پێکەوەژیان و چارەسەرکردنی گرفتەکان بەڕێگەی گفتوگۆ، بەڵام پیشاندان و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و کوشتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن "ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی تێڕوانینی بینەران بۆ واقیع، مەیلی توندوتیژی و شەڕانگێزی و کوشتن لەنێو گەنجاندا زیاد دەکات (المبرز، ٢٠١١ : ٣٦)، ئەوەش وەک هێمایەک لە بەرنامە و فیلم و یارییە ئەلکترۆنیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بەزەقی پێشکەش دەکرێت و، گەنجان لە تێڕوانیاندا سەبارەت بە جیهانی ڕاستەقینە لە قاڵبی دەدەن و ئینجا پراکتیزەی دەکەن، بەم شێوەیە دەبینین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە بری بەهێزکردنی بەهای گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی و میهرەبانی، توندوتیژی و کوشتن لە کۆمەڵگەدا دەکەنە واقیع و تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و گەنجان بەتایبەت لە بری گفتوگۆ و گیانی لێبوردەیی بەتوندتیژی و کوشتن کێشەکانیان چارەسەر دەکەن.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

### ٤. گرفتی کوشتن لە کوردستان:

کوشتن یەکێکە لەو گرفتانەی وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، لە هەرێمی کوردستانیش بونی هەیە، ئەم گرفتە لە پاڵ ئەوەی پەیوەندی بەکۆمەڵێک هۆکاری (کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئاینی، کەلتوری، دەرونی...هتد) هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک فاکتەری دیکەش هەیە، کە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری زیاتر هەیە لەسەر تەشەنەسەندن و زیاتر بڵاوبونەوەی، لەم بەشەدا جگە لە خستنەڕوی ژمارەی تاوانەکانی کوشتن بەپێی ( ساڵ، پارێزگا، ڕەگەز)ەکان، لەهەمان کاتدا هەڵوەستەیەکیش لەسەر ژمارەی ئەو هەواڵانە دەکەین، کە لە ژمارەیەک لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

**تاوانی کوشتن بەپێی ساڵەکان:**

بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم لە وەزارەتی ناوخۆ، تاوانی کوشتن لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (5) ساڵی ڕابردودا هەڵبەز و دابەز و گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینوە، لە ساڵی (2017) ژمارەی ئەو کەسانەی بەئەنقەست کوژراون (281) کەس بوە، بەڵام لە ساڵی (2018) ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ (300) کەس، لە ساڵی (2019) ژمارەی ئەوانەی بەئەنقەست کوژراون دابەزیوە بۆ (235)کەس ، بەڵام لە ساڵی (2020) ژمارەی کوژراوان بەرزبۆتەوە بۆ (240)کەس ، ئەم ژمارەیە لە ساڵی (2021)دا دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینوە و گەیشتۆتە (219) کەس، وەک لە شێوەی ژمارە (1-2) خراوەتەڕو.




سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم/ بەڕێوەبەرایەتی ئامار

شێوەی (1-2) ڕوداوەکانی کوشتن لە ماوەی پێنچ ساڵ لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات

**تاوانی کوشتن بەپێی ژمارەی دانیشتوان**

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی دیاریکردنی ئاستی مەترسیەکانی هەر گرفتێک، بەراوردکردنی ژمارەی جۆری گرفتەکەیە بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە هەر ناوچە و کۆمەڵگەیەک، لەم توێژینەوەیەشدا بەسودوەرگرتن لە ژمارەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

دانیشتوان، ڕێژەی کوشتن دیاریکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەراورد بەچەند وڵاتێک لە ئاستی جیهان کراوە، وەک ئەوەی لە خشتەی (2) خراوەتەڕو:

خشتەی (2) ڕێژەی تاوان بۆ هەر (100) هەزار کەس بەپێی دانیشتوان لە ماوەی (5) ساڵ دەخاتەڕو

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ژمارەی تاوانی کوشتن | بۆ هەر (١٠٠) هەزار کەس لە دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| **2017** | 5,755,043 | 281 | 4.88 |
| **2018** | 5,895,052 | 300 | 5.08 |
| **2019** | 6,033,814 | 235 | 3.89 |
| **2020** | 6,171,083 | 240 | 3.88 |
| **2021** | 6,298,524 | 219 | 3.47 |

سەرچاوە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم & وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ئامار

وەک لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتەڕو، تاوانی کوشتن لە هەرێمی کوردستان جگە لە ساڵی (2018) کە زیادیکردوە، بەڵام لە ساڵەکانی دواتر کەمیکردوە، بەشێوەیەک ژمارەی کوشتن بۆ هەر (100,000) هەزار کەسێک لە ساڵی (2017) ڕێژەکە (4.88) بوە، لە ساڵی (2019) ڕێژەکە کەمتر بۆتەوە بۆ (3.89) ، لە ساڵی (2020)یش ڕێژەکە بۆ (3.88) دابەزیوە، لە ساڵی (2021)دا ئەم ڕێژەیە زیاتر کەمیکردوە و گەیشتۆتە (3.47) بۆ هەر (100,000) کەسێک.

بونی ئەم ڕێژە لە هەرێمی کوردستان، بەراورد بەزۆربەی وڵاتان بەڕێژەیەکی مەترسی و زۆر دادەنرێ، چونکە بەپێی ئامارەکان کە لە میانەی توێژینەوەیەکی جیهانی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ئامادەکراوە و، لە ویبسایتی بەناوبانگی جیهانی (Our World in Data) لەسەر ئاستی وڵاتان بڵاوکراوەتەوە، تەنها لە ساڵی (2019) زیاتر لە(415,000) هەزار کەس بەهۆی کوشتن گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش نزیکەی سێ هێندەی ئەو ژمارەیە بوە کە لە شەڕی چەکداری و جەنگ و تیرۆر کوژراون.

لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی کوشتندا هەیە، بۆ نمونە لە سەرانسەری وڵاتانی ئەمریکای لاتین ڕێژەکە بەرزە بە تایبەتی، لە سلڤادۆر، ڤەنزوێلا، هندۆراس، گواتیمالا و مەکسیک، کە ڕێژەکان زیاترن لە (30) کوشتن لە هەر (100,000) کەسێک – لە ئەلسەلڤادۆر ئەمە زیاترە لە (٤٥) لە هەر (100,000) کەسێک، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەراورد بەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ژاپۆن یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمدەبێتەوە بۆ خوار یەک بۆ هەر (100,000) هەزار کەسێک (Roser & Ritchie, 2019)،لە هەرێمی کوردستانیش ڕێژەکە سەرباری ئەوەی کەمبۆتەوە، بەڵام تا ئێستا مەترسیدار و پێویستی بەهەڵوەستەکردن هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

**تاوانی کوشتن لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان :**

لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە ماوەی پێنچ ساڵی ڕابردودا ژمارەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، وەک ئەوەی لە خشتەی (3) خراوەتەڕو.

خشتەی (3) تاوانی کوشتن بەپێی ساڵەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پیشان دەدات

| پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | کۆی کشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 109 | 84 | 84 | 73 | 86 | 436 |
| سلێمانی | 69 | 74 | 60 | 71 | 65 | 339 |
| دهۆک | 60 | 79 | 38 | 46 | 32 | 255 |
| هەڵەبجە | 11 | 6 | 3 | 1 | 5 | 26 |
| سۆران | 7 | 19 | 12 | 13 | 9 | 60 |
| گەرمیان | 11 | 18 | 15 | 22 | 8 | 74 |
| ڕاپەڕین | 14 | 20 | 23 | 14 | 14 | 85 |

سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئامار

لە خشتەی (3)دا دەرکەوتوە لە ماوەی پێنچ ساڵی ڕابردودا زۆرترین ژمارەی کوشتن لە پارێزگای هەولێر تۆمار کراوە، کە ژمارەکەی گەیشتۆتە (436) کەس، ئەوەش دەکاتە ڕێژەی (34%) کۆی کوشتن لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ، زۆرترین ژمارەش لە ساڵی (2017) تۆمار کراوە، پاشان پارێزگای سلێمانی دێ کە لەهەمان ماوەدا (339) تاوانی کوشتن تۆمار کراوە، کە دەکاتە ڕێژەی زیاتر لە (26%)، تاوانی کوشتن لە پارێزگای دهۆک لەو ماوەیەدا بەتۆمارکردنی (255) کوشتن بەڕیزبەندی سێیەم دێ، دواتریش ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دێ کە (85) حاڵەتی کوشتن و لە گەرمیان (74) لە سۆرانیش (60) حاڵەتی کوشتن تۆمار کراوە، لە کۆتایشدا پارێزگای هەڵەبجە دێ، کە لەو ماوەیەدا (26) حاڵەتی کوشتن تۆمار کراوە، کە دەکاتە ڕێژەی تەنها (2%) کۆی گشتی ئەو کوشتانەی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

**تاوانی کوشتن بەپێی ڕەگەز**

جیاوازی ڕەگەزی لە تاوانی کوشتن یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە نێو کۆمەڵگەکان بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ، بەتایبەت کوشتنی ژنان، لێرەدا بەسەرەنجدان لە داتاکان لەماوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

ئەو پێنج ساڵەدا ڕون دەبێتەوە، کە ژمارەی کوشتنی ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ، وەک ئەوەی لە خشتەی (4) خراوەتەڕو.

خشتەی (4) تاوانی کوشتن لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ڕەگەز پیشان دەدات

| پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان | نێر | مێ |
|---|---|---|
| هەولێر | 329 | 107 |
| سلێمانی | 272 | 67 |
| دهۆک | 191 | 64 |
| هەڵەبجە | 22 | 4 |
| سۆران | 53 | 7 |
| گەرمیان | 66 | 8 |
| ڕاپەڕین | 72 | 13 |
| کۆی گشتی | 1005 | 270 |

سەرچاوە: وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئامار

بەپێی خشتەی ژمارە (4) دەرکەوتوە ڕێژەی (78.8%)ی کوشتن لە ڕەگەزی نێرە، هەروەک (21.2%) لە ڕەگەزی مێیە، بەشێوەیەک ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر بریتیە لە (75.45%) ڕەگەزی مێ بریتیە لە (24.6%)، لە پارێزگای سلێمانیش هەر ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر زیاترە، بەشێوەیەک گەیشتۆتە (80.23%) ڕێژەی (مێ)ش (19.77%)، هەرچی پارێزگای دهۆک ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر بەراورد هەردو پارێزگای (هەولێر و سلێمانی) کەمتر، کە گەیشتۆتە (74.9%) بەپێچەوانەوە ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی مێ بەراورد بەهەردو پارێزگا زیاترە کە دەکاتە (25.1%).

ئەم ڕێژانە لەسەر ئاستی پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکان جیاوازترن، بۆ نمونە لە پارێزگای هەڵەبجە کوشتنی ڕەگەزی نێر ڕێژەکەی گەیشتوتە (84.6%) بەڵام ڕەگەزی مێ ڕێژەکە تەنها (15.4%)، لەلایەکی دیکەوە ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران گەیشتۆتە (88.3%) ڕێژەی مێ تەنها (11.7%)ە، لە گەرمیان ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر (89.1%) بەڵام ڕەگەزی مێ تەنها (10.9%) یە، لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینیش لە هەمان ماوەدا ڕێژەی کوشتنی نێر بەرزبۆتەوە بۆ (84.7%) و ڕەگەزی (مێ)یش گەیشتۆتە (15.3%).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

لێرەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە زۆرترین ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەماوەی (5) ساڵدا لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانە، کە گەیشتۆتە (89.1%)، هەروەک کەمترین ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر لە پارێزگای دهۆکە کە بریتیە لە (74.9%)، بۆ ڕەگەزی (مێ)ش زۆرترین ڕێژەی کوشتن دەکەوێتە پارێزگای دهۆک کە بریتیە لە (25.1%) کەمترین دەکەوێتە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان کە دەکاتە (10.9%). جیاوازی ئەم ژمارانەش ئەشێ پەیوەندی بەو باگراوندە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیەوە هەبێ، کە لەو ناوچانەدا زاڵن.

## ٤,١ مامەڵەی میدیای کوردی لەگەڵ گرفتی کوشتن


بۆ زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردنی کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ گرفتی کوشتن، توێژەر بۆ ماوەی سێ مانگ (2022/1/1) تا (2022/3/31) ڕۆژانە چاودێری (19) کەناڵی جیاوازیکرد، لەو ماوەیەدا ئەو کەناڵانە کە لە شێوەی (2-2) پیشاندراوە و بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەش بون ڕوبەرو کاتێکی زۆریان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتن تەرخانکردوە، بەشێوەیەک لەو ماوەیەدا (778) هەواڵی تایبەت بە(کوشتن)یان بڵاوکردۆتەوە، ئەو جگە لە هەواڵی کوشتن بەهۆی تیرۆر، جەنگ، ڕوداوی هاتوچۆ، بەڵکو تەنها ئەو هەواڵانە تۆمارکراون، کە پەیوەندیان بەگرفتێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان هەبوە، وەک کوشتن (لەسەر شەرەف، بەهۆی دزی، لەسەر زەوی و زار و میرات، ڕەگەز گۆڕین، خۆشەویستی، هەژاری، ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل، شەڕەسەگ، شەڕی خێزانی، سرکێتی کارەبا، چوکلێت، دەستدرێژی سێکسی، شەڕی عەشایەری، شەڕەکەڵەشێر، دەمەقاڵێ، زڕدایک، شەڕی منداڵ، پاسکیل، ڕەگەزپەرستی، سەرچۆپی).

ئەوەی لەو ماوەیەدا لەلایەن توێژەر تێبینیکرا، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆرتر بایەخ بەکوشتنی ڕەگەزی مێ دەدەن وەک لە ڕەگەزی نێر لە کاتێکدا بەپێی داتاکانی وەزارەتی ناوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی کوشتنی ڕەگەزی نێر زۆر زیاترە لە ڕەگەزی مێ، هاوکات توێژەر تێبینی ئەوەشی کردوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن جگە لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی کوشتن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان، هاوکات زۆر بایەخیان بەهەواڵی کوشتن لە شارەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت جیهانیش داوە، ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی، کە لە ماوەی سێ مانگدا تەنها لە (19) کەناڵ و دامەزراوەی ڕاگەیاندن (778) هەواڵی تایبەت بەکوشتن بڵاوبکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر تەواوی کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وەربگرین، کە ژمارەیان (1343) ئەوە ژمارەکە زۆر مەترسیدارتر دەبێ، ئینجا چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی پەیوەست بەکوشتن پێویستی بەهەڵوەستەکردنێکی جدی هەیە، چونکە زۆربەی زۆری هەواڵەکان لە بری ئەوەی وێستگەیەک بن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و دورکەوتنەوە لە تاوانی کوشتن، بونەتە بەشێک لە هاندان و ڕێگەخۆشکردن بۆ زیادبونی ڕێژەی کوشتن، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنەکان ببنە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

دڵەڕاوكێ و تۆقاندن و پشێوی و توندوتیژی و هەڕەشە، بۆ سەر ئاسایشی كۆمەڵایەتی.




شێوەی (2-2) بڵاوكردنەوەی ژمارەی هەواڵەكانی كوشتن لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن لە كوردستان پیشان دەدات

### ٤,٢ یاسا و پرەنسیپەكانی ڕاگەیاندن لەگەڵ گرفتی كوشتن:

بڵاوكردنەوەی هەواڵی كوشتن لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن یەكێكە لەو بابەتانەی مشتومڕێكی زۆری لە نێوان ڕۆژنامەنوسان و كۆمەڵناسان لەسەر ئاستی جیهان دروستكردوە، چونكە ڕۆژنامەنوسان جەخت لە بڵاوكردنەوەی هەواڵەكان دەكەنەوە پێیانوایە هەواڵەكان دەبنە هۆكارێك بۆ هۆشیاریكردنەوەی كۆمەڵگە لە مەترسیەكانی تاوان، هەروەک بەشێكە لە ئازادی كاری ڕۆژنامەوانی، بەڵام كۆمەڵناسان لەگەڵ بڵاوكردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە نین، چونكە پێیان وایە ئامانجی سەرەكی ڕاگەیاندن لە بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوانەكانی كوشتن بۆ وروژاندن و سەرەنجڕاكێشی و كۆكردنەوەی بینەری و خوێنەرە، نەک هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە لە مەترسیەكانی تاوانی كوشتن، لەهەمانكاتدا بەشێكی زۆری میدیاكاران ناتوانن یان نایانەوێ بەشێوازێكی ڕاست و بەرپرسیارانە و پیشەییانە مامەڵە لەگەڵ گرفتە كۆمەڵایەتییەكان بەگشتی و كوشتن بەتایبەت بكەن، بۆیە دەبنە ئامرازێک بۆ زیادبونی گرفتی كوشتن لە كۆمەڵگە.

لە هەرێمی كوردستانیش دوای زیادبونی گرفتی كۆشتن لە كۆمەڵگە، حكومەتی هەرێمی كوردستان، چەند ڕێوشوێنێكی گرتەبەر، لە بواری ڕاگەیاندندا لە ڕێكەوتی (2022/6/8) وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەفەرمانی ژمارە (638) پاڵپشت بەنوسراوێكی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ڕوماڵی ڕوداوەكانی كوشتن لە ڕاگەیاندنەكان قەدەغە كرد، بەهۆی ئەوەی ڕوماڵی ئەو جۆرە تاوانانە دەبێتە هۆی بازرگانی و هاندانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

خەڵکی تر بۆ ئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆر. هەروەک دوپاتی ئەوەش کرایەوە کە بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرانبەر میدیاکان دەگیرێتە بەر ئەگەر ڕومالّی هەواڵەکانی کوشتن بکەن، لەو ڕێکەوتە بەدواوە چەندین تاوانی دیکەی کوشتن لە ناوچە جیاکانی هەرێمی کوردستان ڕویاندا، وەک کوشتنی هاولاتیەک لە ڕێگەی مەخمور، کوشتنی دو مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کوشتنی ژن و پیاوێک، بەلاّم سەرباری ئەو نوسراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان زۆربەی زۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕومالّی ئەو ڕوداوانەی کوشتنانەیان کرد، کەچی تەنانەت یەک دامەزراوەی ڕاگەیاندن سزا نەدرا!.

کەواتە لە ڕوی یاسایی و ئیتیکی ڕۆژنامەوانیەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چۆن دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکانی کوشتن بکەن؟ هەواڵی تاوانی کوشتن بە سروشتی خۆی جێگەی سەرنجە، ئەگەر ڕۆژنامەنوس بەپێی پێوەری زانستی و وردی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ ئەو جۆرە هەواڵەنەدا کرد، هۆشیاری دەبێتە ئامانجی سەرەکی بلاوکردنەوەی هەواڵەکە، نەک وروژاندن و سەرەنجڕاکێشی، لە بنەڕەتدا بلاوکردنەوەی تاوان لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاسایی و یاساییە، بەلاّم پێویستە چەند بنەمایەکی یاسایی و ئیتیکی لەبەرچاوبگیرێت(فەوزی، 2020: 142)، کە بریتین لە:-

١. پێویستە هەواڵ زیان بەڕەوتی دادگا و کەسەکانی نەگەیەنێت، هەروەک لە هەردو ماددەی (235) و (236)ی یاسای سزادانی عێراقیدا ئاماژەی پێدراوە.
٢. پێویستە ڕاگەیاندنەکان وەک پاڵەوان باسی تاوانبار نەکەن و خودی تاوانی کوشتن لەلای خەڵک خۆشەویست نەکەن.
٣. نابێ ڕاگەیاندنەکان زۆر بچنە وردەکاری تاوانەکان و جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ لای خەڵک دروست بکەن، وەک باسکردنی وردەکاری سەربڕین و کوشتن و لەتلەتکردن...هتد.
٤. نابێ ئەو وێنانە بلاوبکرێنەوە کە لەگەڵ داب و نەریتی گشتی یاخود هەستی خەڵکی ناگونجێت، وەک بلاوکردنەوەی جەستەی مرۆڤێکی سەربڕاو یان جەستەی تەواوی ئافرەت لەکاتی سوتاندن و لاقەکردن.
٥. بۆ بواری ڕۆژنامەنوسی وا باشترە ڕوبەرێکی فراوان بۆ هەواڵی کوشتن تەرخان نەکات، چونکە لە پاڵ هەواڵی تاوان و کوشتن، هەواڵی دیکەی گرنگتر بۆ کۆمەڵگە هەیە.
٦. لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی تاوان و کوشتن نابێ هیچ هەواڵێک بلاوبکرێتەوە، مەگەر دادگای لێکۆڵینەوە خۆی ڕێگەی بەبلاوکردنەوەی دابێت، چونکە ئەو جۆرە هەوالانە ڕەنگە زیان بەڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بگەیێنێت و بەسودی تۆمەتباری ڕاکردو یان دەستگیرانەکراوەکان تەواو بێت، هەروەک ئەوەی لە خاڵی (6) لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (9) یاسای ڕۆژنامەنوسی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) لە هەرێمی کوردستاندا هاتوە.
٧. بلاوکردنەوەی ناو و وێنەی ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بەتاوانێکی دیاریکراو وەک کوشتن، بەلاّم هێشتا کەیسەکەیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و نەگەیشتۆتە قۆناغی دادگایکردن و حکومدان، بەبێ ڕەزامەندی دادوەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

کارێکی نایاساییە، چ بەگوێرەی ماددەی (236) یاسای سزاکانی عێراق ساڵی (1969)، یاخود بەگوێرەی ماددەی (9)ی یاسای ڕۆژنامەنوسی کوردستان(فەوزی، 2020: 102).

٨. شوێن و کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بەکوشتن باش نییە لەو کات و شوێنە هەستیارانە بڵاوبکرێنەوە، وەک لاپەڕەی (یەک) و مانشێتی سەرەکی و بەتایبەت بەشی سەرەوەی لاپەڕە، کە ناوچەی زیندوی چاپەمەنیەکانە، یاخود هەواڵی شەوانەی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لە کاتژمێرە هەستیارەکان (8-10)ی شەو کە زۆرترین بینەریان هەیە و کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگر دروست دەکەن (محەمەد،63:2017).

٩. دورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی ناو و وێنەی ئەو نەوجەوانانەی کە تۆمەتبارن یان تێوەگلاون لە تاوانی کوشتن بۆ پاراستنی داهاتویان.

١٠. نابێ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتن گاڵتە بە (ناوی، ڕەگەزی، نەتەوەی، بیروباوەڕی ئاینی، یان بێتوانایی جەستەیی) تاوانبار بکرێ.

١١. لەهەمانکاتدا نابێ باس لەو بیانوانە بکرێ کە بەهۆیەوە تاوانی کوشتن ئەنجامدراوە، جگە لەوەش نابێ هەواڵەکانی کوشتن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوماڵ بکرێن، یان چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆمەتبار بکرێ.

کێشەی تاوان بەگشتی و کوشتن بەتایبەت یەکێکە لەو گرفتانەی کە بەرۆکی وڵاتی مسری گرتۆتەوە، هەربۆیە لە ساڵی (2022) ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لەو وڵاتە کۆمەڵێک ڕێنمایی بەناونیشانی (ڕێسا و ئاکارەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی) بڵاوکردەوە (EOJM, 2022)، ئەم ئاکار و ڕێنماییانە ئەکرێ لە هەرێمی کوردستان وەک ئەزمونێک کاری لەسەر بکرێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران لەگەڵ تاوانەکانی کوشتن، کە گرنگترینیان بریتین لە:-

١. بێلایەنی و بابەتیبون لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی تاوانەکان و بەکەم سەیرنەکردن و زیادەڕەوی نەکردن لە ڕوماڵکردن و بڵاوکردنەوە هەواڵەکانی تاوان.

٢. پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە دڵنیابە لە وردی و ڕاستی و دروستی سەرچاوەی هەواڵەکە و،هەڵسەنگاندنی یاسایی بۆ ناوەڕۆکەکەی ئەنجام بدە.

٣. پشت بە سەرچاوەی فەرمی و پسپۆڕانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەرونی ببەستە.

٤. لە گێڕانەوەی چیرۆکی تاوان گرنگی بەلایەنی ڕوکەش مەدە، بەڵکو گرنگی بەناوەڕۆک بدە، هەروەها کات و شوێن و زمان و ناونیشانی هەواڵەکە گونجاو بێ.

٥. لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوە و دادگاکان مەکەوە پێشبڕکێ و هەمیشە بەپێی سەروەربونی یاسا مامەڵە بکە (تۆمەتبار بێتاوانە تا بە بڕیاری دادگا تاوانەکەی دەسەلمێنرێت).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

٦. لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی وێنەدا، دەبێت ناوەکان بشـــاردرێنەوە و تایبەتمەندییەکان و ســیمای کەســەکان کاڵ بکرێنەوە لەبەر ڕێزگرتن لەو گریمانەیەی کە لە هەمو مرۆڤێکدا گریمانەی بێبەریبون دەکرێت تا ئەو کاتەی بە بڕیاری دادگا سزا دەدرێن و دادگا ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەدات.

٧. دەبێ ئامانجی ســەرەکی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان، بەرەنگاربونەوە و ئاگادارکردنەوە لە مەترســییەکان بێ، نەک بەدەستهێنانی بینەر، زیادکردنی کارلێک یان فرۆشتنی ڕۆژنامە بێ

٨. دیمەنی شـۆککهێنەر و توندتیژ و قێزەون بڵاومەکەوە، هەروەک بڵاوکردنەوە یان پەخشـکردنی وێنەی قوربانی دەبێت لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە مافی تایبەتمەندی و کەرامەتی مرۆڤ و پیرۆزی مردودا بێت.

٩. ڕێزگرتن لە پێگەی یاسایی تایبەت بەمندالآن وەک گومانلێکراو، شایەتحاڵ یان قوربانی، نابێ زانیاری لەبارەیان بڵاوبکرێتەوە، بەشێوەیەک ببێتە هۆی ئاشکراکردنی کەسایەتیان.

١٠. پاڵپشتیکردن لە هەوڵەکانی پۆلیس و سیستمی دادوەری و دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا و دورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێک کە ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی هاولآتیان بە سەروەری یاسا.

١١. دورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەوالآنەی کە ڕق و کینەیان لەخۆگرتوە یان هـانی دەدەن ڕق و کینە لە کۆمەڵگە دەدەن.

## ٥. دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### ٥,١ دەرئەنجام

١- پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان گرفتی کوشتن و ڕاگەیاندن هەیە.

٢- بەشی زۆری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەهیچ جۆرێک یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە ڕوماڵی هەواڵەکانی کوشتن ڕەچاو ناکەن.

٣- میدیاکاران ڕەچاوی باری دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگە ناکەن، زیاتر بەدوای ڤیو و لایک کەوتون.

٤- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ڕوبەر و ماوەیەکی زۆریان بۆ ڕوماڵی هەواڵەکانی کوشتن تەرخان کردوە.

٥- کەناڵە ئاسمانیەکان لە پەخشی فیلم و دراماکان بەتایبەت ئەوانەی دیمەنی کوشتن و توندوتیژیان تێدا ڕەچاوی کاتی پەخش و تەمەنی بینەرانیان نەکردوە.

٦- نەبونی ڕاوێژکاری دەرونی و کۆمەڵایەتی بەیەکێک لە کێشەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێ.

٧- بەرنامەکانی تایبەت بەکوشتن و تاوان کاریگەری لەسەر فێربون و ڕاهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ کوشتن دروست دەکات.

٨- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و یارییە ئەلکترۆنیەکان بەتایبەت ڕۆڵی کاریگەریان لە چاندنی هزری کوشتن لە مێشکی تاکدا هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

٩- بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی نوێ بەهۆکارێک لە هۆکارەکانی لاواز پیشاندنی سیستمی دادوەری و پەرەپێدان بەهزری تۆڵەکردنەوە لە دەرەوەی دادگا لای تاک هەیە.

١٠- سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەمن لە دەرکردنی ڕێنمایی و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنوسان بەچۆنیەتی ڕومالکردنی هەواڵەکانی کوشتن.

١١- ڕومالی ڕاستەوخۆ ڕوداوەکانی کوشتن کاریگەری زۆری لەسەر باری دەرونی هاولاتیان و، ڕێژەوی لێکۆلینەوە دادیەکان دروست دەکات.

١٢- لە ڕومالی هەواڵەکانی کوشتندا، وردبینی لە زانیارییەکان کراوەتە قوربانی خێرایی لە گەیاندن.

## ٥,٢ پێشنیاز

١. پێویستە ڕۆژنامەنوسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وەک هەر بابەتێکی دیکە گرنگی بە چۆنیەتی ڕومالکردنی گرفتە کۆمەلایەتییەکان لەناویاندا گرفتی کوشتن بدەن، بەلام پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانە بکەن:-

- ئەخلاق و پیشەیی ڕۆژنامەوانی لە پێشینەی ڕۆژنامەوانی گرنگترە، بۆیە لە حالەتەکانی ڕومالکردنی گرفتی کۆمەلایەتی کوشتن پێشنیاز دەکەین میدیاکاران ڕەچاوی باری دەرونی تاکەکانی کۆمەلگە بکەین و خۆیان لە پیشاندانی وێنەی جەستەی کوژرا و خوێن بەدور بگرین کە ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر تاکەکانی کۆمەلگە دروست بکات.
- باشترە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن خۆیان بەدوربگرن لە ڕومالی ڕاستەوخۆی هەواڵەکانی کوشتن.
- پێشنیاز دەکەین، ئامانجی سەرەکی بلاوکردنەوەی هەواڵەکانی کوشتن لەلای دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک بێ لە مەترسیەکان، نەک وروژاندن و سەرەنجڕاکێشی و، زیادکردنی بینەر و خوێنەر بێ.

٢. بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێشنیاز دەکەین، بەدواداچون بۆ نوسراوەکانی بکات وردتر چاودێری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران بکات و پابەندی بنەما گشتیەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و بابەتەکانی پەیوەست بە(کوشتن)یان بکات.

٣. بۆ وەزارەتی داد و ناوخۆ پێشنیاز دەکەین خولی پیشەیی چڕ بۆ ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران بکەنەوە تا پسپۆڕی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە کاروباری دادوەری و تاوانەکانی کوشتن وەربگرن و لە کارەکانیان ڕەنگبداتەوە.

٤. بۆ ئەوانەی لە ڕاگەیاندنی دامەزراوە ئەمنیەکان کاردەکەن، باشترە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش بەسود وەرگرتن لە شارەزایان خولی تایبەتیان لەبارەی چۆنیەتی نوسینی هەواڵی پەیوەست بەتاوانی کوشتن بۆ بکرێتەوە و پەروەردە بکرێن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

٥. سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان وەک سەندیکایەکی پیشەیی بەسودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتان ڕێنمایی و ڕاسپاردەی تایبەت بە (ئاکاری مامەڵەی ڕۆژنامەنوسان لەگەڵ تاوانی کوشتن) دەربکات.

٦. پێشنیاز دەکەین ڕێکخراوە و سەندیکا و دامەزراوە میدیاییەکان، خولی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنوسان لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت گرفتی کوشتن بکەنەوە، ئەوەش بەرپرسیارێتییەکی مرۆییە پێش ئەوەی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی بێت.

٧. بۆ خێزان-یش، پێشنیاز دەکەین دایکان و باوکان پێداچونەوە بە ڕۆڵی خێزانی خۆیاندا بکەن و، هەڵسەنگاندنێک بۆ دەستێوەردانی میدیاکان لەسەر ژیانی خۆیان و منداڵەکانی بکەن، ئینجا ئەو هەڵوێستانەیان هەموار بکەنەوە کە بەهۆی نەزانین بەرامبەر بەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ میدیای نوێ پەیڕەویان کردوە.

## ٥,٣ ڕاسپاردە

بەسودوەرگرتن لەلایەنە جیاکانی توێژینەوەکە، توێژەران ڕادەسپێرین توێژینەوەی زیاتر لەبارەی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گرفتی کوشتن بکەن، بۆ نمونە:

١. بەسودوەرگرتن لە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک دەتوانرێ توێژینەوە سەبارەت بە (یارییە ئەلکترۆنیەکان، دراما هندییەکان، سوشیال میدیا) و کوشتن ئەنجام بدەن.

٢. توێژەران لە داهاتودا دەتوانن توێژینەوەیەک لەبارەی مەترسی دەستتێوەردانی پارت و لایەنە سیاسیەکان لە کاروباری دادگاکان و کاریگەری لەسەر زیادبونی گرفتی کوشتن ئەنجام بدەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

# The Role of The Media in Revealing Social Problems - Murder Crime as An Example

(An Analytical Study)

**Hemin Amin Jalal Shwani**[1]

[1]Department Of Media, College Of Literature And Arts, Cihan University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Basically, There Are Two Types Of Murder, Deliberate Murder And Accidental Murder (Act Of God). This Study Is Devoted To Deliberate Murder, Such As (Murder For Money, Honor Killing Based On Honor Pretext, Murder By Torture, Murder As A Result Of Sexual Assault, Murder Of Children, Murder Due To Violence And Beating. However, As It Has Been Showcased in This Study, In Kurdistan Region Unlike Any Other Place, There Are Many Other Types of Murders on Various Reasons Such as Car Light Signaling, Pigeons, Children's Fights, Household Water Wells, Car Parking, Dog Fights, Roosters' Fights, Gender Transition, Electricity Circuits, Chocolate, Land Properties, Religious Conversion, Leading in Folk Dance).

According To the World's Renowned Website (Our World in Data), In 2019 Alone, More Than (415,000) Thousand People Died in Deliberate Murder, Which Is Almost Three Times Higher Than the Number of Those Who Were Killed In Armed Clashes, Wars Terrorism And Conflicts On Countries' Level. In Kurdistan Region, Although The Number Of Deliberate Killings Has Decreased In The Past Five Years, Yet Compared To Most Countries In The World, The Rate Is Still Alarming. In The Study's Findings It Is Highlighted That Non-Compliance Of Media To Applicable Laws And Regulations, Lack Of Monitoring Of The Media In General In Presenting News On Murder, Showing Crime Related Programs And Movies And Lack Of Family Vigilance On The Use Of Electronic Games And Social Networks As Well As Lack Of Professional Journalists And Capable Staff, The Social Problem Of Murder Is More Evident And Has Affected The Mental State And Social Security Of Individuals And Families In Society.

**Keywords**: Media, Social Problems, Crime, Murder.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27**

## سەرچاوەکان


إسماعيل، عفاف عبدالله أحمد (2021) اتجاهات الجمهور نحو التغطية الصحفية لأخبار الجريمة- دراسة ميدانية على عينة من مواطني الدولة العربية. برلين: المركز الديمقراطي العربي: مجلة الدراسات الإعلامية. (15) 62-40.

بالماين، نجيب بو (٢٠٠٨) الجريمة والمسألة السوسيولوجية- دراسة بأبعادها السوسيوثقافية و القانونية. أطروحة دكتوراه غير المنشورة. جزائر: جامعة منتوري قسنطينة. كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية. قسم علم الاجتماع والديمغرافيا.

برغش، لينا خليل (2021) إدمان الأطفال على الألعاب الالكترونية في جائحة كورونا وتأثيرها على السلوك والتعليم. الأردن: دار الكتاب الثقافي للطباعة للنشر والتوزيع.

بژار، حەکیم (2022) جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان. لە ڕێکەوتی (2022.6.18) چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامدرا.

بوثلجة، نجاة (2014) أخبار الجريمة في الصحف..إثارة أم إلتزام بالمسؤولية؟ جامعة الأمير عبد القادر للعلوم الإسلامية قسنطينة: مجلة المعيار ( 37/19) 422-397.

بۆدۆن، ڕیمۆن و، بۆریکۆ، فرانسوا (٢٠١٩) فەرهەنگی ڕەخنەیی کۆمەڵناسی. وەرگێڕانی: مستەفا غەفور. هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

بيرقدار، عبد الستار غفور (2017) الضوابط القانونية للعلاقة بين الإعلام و القضاء، لەم بەستەرە بەردەستە(mohamah.net) ڕێکەوتی سەردان (2022/6/22).

حمدي، بهاءالدين محمد (2013) الإعلام الجنائي واثاره في الحد من الجريمة. الأردن: دار الراية للنشر و التوزيع.

حەمە نەجم، سورێن ئەکرەم (2019) شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڵودەبونی تاک بە یارییە ئێلێکترۆنیەکان پەپجی بە نمونە. أربيل: الجامعة اللبنانية الفرنسية . مجلة قەڵای زانست العلمية (2/4) 130-162.

حەمەنەجم، سورێن ئەکرەم (2019) شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڵودەبونی تاک بە یارییە ئێلێکترۆنیەکان- پەپجی بە نمونە. زانکۆی لوبنانی فەرەنسی: مجلة قەڵای زانست العلمية (2/4) 130-162.

الربدي، محمد إبراهيم (٢٠٠٣) العوامل الاجتماعية المرتبطة بجرائم النساء في المجتمع السعودي. رسالة ماجستير غير المنشورة. الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية. كلية الدراسات العليا. قسم العلوم الاجتماعية.

سالم، سماح سالم و، علي، بهاء رزيقي علي و، سالم، محد سالم (2014) الخدمة الاجتماعية في مجال الجريمة والانحراف. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

سهام، وناسي (2017) العنف الأشكال والعوامل والنظريات المفسرة له. الجزائر: جامعة الجلفة. مجلة افاق للعلوم (2/9) 248-265.

السيد، فؤاد البهي و، عبدالرحمن، سعد (1999) علم النفس الاجتماعي رؤية معاصرة. القاهرة: دار الفكر العربي.

الشيشنية، منى نمر (2018) جرائم القتل: عواملها و اثارها الاجتماعية. فلسطين: مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات الإنسانية (2/26) 323-357.

طالة، لامية (2020) تأثير مشاهد العنف في التلفزيون على تعزيز السلوك العدواني لدي الطفل :قراءة للتأثيرات وتصور لآليات الوقا ية.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27

جامعة عمار ثليجى–الأغواط: مجلة التمكين الاجتماعي (3/2) 245-269.

عامود، بدرالدين (2001) علم النفس في القرن العشرين (ج.1) دمشق: منشورات اتحاد الكتاب العرب.

عباس زاده، محمد و، اقدم، محمدباقر عليزاده و، اسلام بناب، سيد رضا (۲۰۱۲/ ۱۳۹۱) برسى رابطه بين سرمايه اجتماعى و انومى اجتماعى. مطالعات و تحقيقات اجتماعى. دوره اولز شماره ۱- بهار ۱۳۹۱- ۱۷۲-۱٤٥.

عبدالستار، فوزية (۱۹۸٥) مباديء علم الاجرام. بيروت: دار النهظة العربية.

عبدالله، نوري سعدون (۲۰۱۱) العوامل الاجتماعية المؤثرة في ارتكاب الجريمة- دراسة ميدانية لأثر العوامل الاجتماعية التي تؤدي الى ارتكاب الجريمة في مدينة الرمادي. مجلة جامعة الانبار للعلوم الإنسانية (1) 159-132.

عزام، إسماعيل (2016) أخلاقيات الصحافة في تغطيات الجرائم. لەم بەستەرە بەردەستە (aljazeera.net) ڕێکەوتی سەردان (2022/5/18).

عزيز، ڕزگار ڕسول (2015) پەيوەندی پيشە بەتاوان لە کۆمەڵگەی کورديدا. نامەيەکی ماستەرە (بڵاونەکراوەتەوە) هەولێر: زانکۆی سەڵاحەددين-هەولێر-کۆلێژی ئەدەبيات.

علي، شيخ (2019) مؤسسات التنشئة الاجتماعية وإنتاج الجريمة في الوسط الاجتماعي. جامعة ابن خلدون تيارت: مجلة الخلدونية للعلوم الإنسانية والاجتماعية (1/11) 160–174.

عيساوي، نفسية و، عمارة، فاتح (2021) الدوافع الاجتماعية والنفسية وأثرها فى ارتكاب جريمة القتل لدى الأحداث. الجزائر: مجلة الناصرية للدراسات الاجتماعية والتاريخية (2/12) 354–391.

العيسى، إيناس عباد (2020) أهم ما ينبغي معرفته عن نظرية التعلم الاجتماعي و التعلم بالملاحظة. لەم بەستەرە بەردەستە (new-educ.com) ڕێکەوتی سەردان (2022.5.28).

غربي، صباح (2020) المشكلات الاجتماعية. الجزائر: دار المجدد للطباعة للنشر والتوزيع.

الغفيلي، فهد بن عبد العزيز (1431ه/ 2010) الألعاب الإلكترونية خطر غفلنا عنه يهدد الأسرة والمجتمع. الرياض: مكتبة الملك فهد الوطنية.

فەوزی، سامان (۲۰۲۰) ڕێبەری ياسايی ڕاگەياندن و بڵاوكردنەوە. چ۲. سلێمانی: چاپخانەی تاران.

كناكر، احمد (2009) مشاهد العنف في التلفزيون، لەم بەستەرە بەردەستە (kenanaonline.com) ڕێکەوتی سەردان (2022/5/15).

كيرش، ستيفن جيه (2017) الإعلام والنشء تأثير وسائل الإعلام عبر مراحل النمو. ترجمة: عبد الرحمن مجدي و، نيڤين عبد الرؤوف. المملكة المتحدة: مؤسسة هنداوي سي آي سي.

المبرز، ابراهيم حمد (2011) القنوات الفضائية وتأثيرها على منظومة القيم الاجتماعية لدى طلاب الثانوية العامة بمدينة الرياض. رسالة ماجستير غير المنشورة. الرياض: جامعة الإمام محمد بن سعود. كلية العلوم الإجتماعية. قسم الإجتماع.

محەممەد، فائيز ئيبراهيم (۲۰۱۹) ئەنۆمی کۆمەڵايەتی لە هەرێمی کوردستان. هەولێر: ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27**

محەمەد، کارزان (٢٠١٧) ڕۆژنامەنوس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن. سلێمانی: چاپخانەی ئاسیا.

محيوز، كريمة و، دهماني، سهيلة (2022) قضايا جرائم قتل الأزواج لزوجاتهم من خلال الفضائيات الجزائرية الخاصة- دراسة وصفية تحليلية. جامعة الأمير عبد القادر للعلوم الإسلامية قسنطينة: مجلة المعيار. عدد:3 ( رت 65) 625-638.

مراد، كامل خورشيد (2014) الاتصال الجماهيري والإعلام (التطور- الخصائص- النظريات) .ط2. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

المشـــهداني، أكرم عبدالرزاق (2014) محطات في تاريخ شـــرطة العراق. لەم بەســـتەرە بەردەســـتە (algardenia-com) ڕێکەوتی سەردان (2022/5/20).

المشهداني، أكرم عبد الرزاق (2017)، العلاقة بين الشرطة والقضاء والإعلام. لەم بەستەرە بەردەستە (Azzaman) ڕێکەوتی سەردان (2022.6.15).

معن، خليل عمر (2005) علم المشكلات الاجتماعية. عمان: دار الشروق.

نايبى، هوشنگ و، معيدفر، سعيد و، سراج زاده، سيدحسين و، فيضى، ايرج (٢٠١٧) تئورى انومى دوركيم و مرتن: شباهتها، تفاوتها و شيوەهاى اندازەگرى. فصلنامه علمى، پژوهشى رفاه اجتماعى، سال هفدهم، پاييز ٩٦، شماره ٦٦.

نش، عزوز و، بوهالي، حفيظة (2018) تأثير التلفزيون على التنشئة الاجتماعية للطفل. الجزائر: مجلة جيل العلوم الانسـانية والاجتماعية (39) 75–94.

نصـر، حسـنى محمد و، العدوى، خالد بن راشـد بن محمد (2021) أخبار الجريمة في الصـحافة العمانية (دراسـة التحليلية لمضـمون من الصحف العربية اليومية خلال عام 2008). الأردن: المجلة الدولية لنشر البحوث والدراسات. (19/2) 138-179.

نصـــر، ســـامي (2021) محاولة في ســـوســـيولوجيا الإعلام الإجرامي حادثة "ســـليمان" نموذجا لەم بەســـتەرە بەردەســـتە (samisociologue.blogspot.com) ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٢/٣/٩).

هرزاني، نوري ياسين (2005) الاعلام و الجريمة. هەولێر: مطبعة جامعة صلاح الدين/ اربيل.

DMC(2021) المتهمون في العراق يحاكمون "اجتماعيا" قبل قاعات المحاكم. لەم بەســـتەرە بەردەســـتە (dmc-iq.com) ڕێکەوتی سەردان (2022.4.17).

EOJM(2022) ضوابط وأخلاقيات نشر أخبار الجريمة والتحقيقات. لەم بەستەرە بەردەستە (Eojm) ڕێکەوتی سەردان (2022.5.8).

krso.gov.krd (2022) ڕاپۆرتی پێشـبینی دانیشـتوانی هەرێمی کوردسـتان: لەم بەسـتەرە بەردەسـتە (gov.krd) ڕێکەوتی سـەردان (2022.4.15).

Bahadur, Ali, Ullah, Asad & Zaman, Lal (2016) ANALYSIS OF VARIOUS EFFECTS OF TELEVISION CRIME SHOWS ON PAKISTANI YOUTH (A CASE STUDY OF STUDENTS OF GOVERNMENT COLLEGE UNIVERSITY FAISALABAD. Pakistan Journal of Society, Education and Language (PJSEL), 2(2), 65-84.

Bernburg, Jon Gurnnar (2002) anomie, social change and crime. A theoretical examination of institutional-anomie theory. British journal of criminology. Volume; 42. Pp. 729-742.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27**

Bernburg, Jon Gurnnar (2019) anomie theory . Oxford research encyclopedia of criminology and criminal justice. Researchgate.net.

Fullerton, Romayne Smith & Patterson, Maggie Jones (2021) Murder in Our Midst : Comparing Crime Coverage Ethics in an Age of Globalized News. USA: Oxford University Press

Irmak. Fatih/ Çam, Taner (2014) an overview of Durkheim and merton social anomie . International journal of human science. Vol; 11. Issue; 2.

Merton, R. K. (1968) Social theory and social structure. New York. Free press.

Parrillo, Vincent N. (2008) Encyclopedia of SOCIAL PROBLEMS1&2. USA: California. SAGE Publications, Inc.

Rae, Taylor (2009) Slain and Slandered: A Content Analysis of the Portrayal of Femicide in Crime News, Homicide Studies; vol. 13, 1: pp. 21-49.

Roser, Max & Ritchie, Hannah (2019) Homicides, Homicides - Our World in Data.

Scott, John (2007) fifty key sociologists; the contemporary theorists. . London and new York: Routledge taylor & francis group.

UK Essays. November 2018. Effects Of Crime and Violence on Television. [online]. Available from: https://www.ukessays.com/essays/young-people/effects-of-crime-and-violence-on-television-young-people-essay.php?vref=1 [Accessed 18 May 2022].



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper27**